# چەند باسێکی وردی
# زمانەوانی ـــ کوردی


﴾بەرگی یەکەم﴿

## پێناســـەی ڕســـتەی ســـــادە
### توێژینەوەیەکی ڕستەسازیی کوردیە

پرۆفیسۆر دکتۆر
**عەبدوللا حوسێن ڕەسول**

ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری زانکۆی دهۆک
ژمارە ( ٦ )، بەرگی ( ٢ ) تشرینی یەکەمی ( ١٩٩٩ )
لا پەڕە ( ٧٣٧-٧٦٦ ) بڵاوکراوەتەوە.
بەرواری نوسین دوشەممە ١٩٩٨/٢/٢٣

**ئەم توێژینەوەیە دواتر ساڵی ٢٠١٥ لە کتێبی**
**(چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـ کوردی)**
**لە لاپەڕە (٩) تاکو لاپەڕە (٤٦) بڵاوکراوەتەوە.**



# ناوەرۆك

| بـــــابـــــــەت | لاپەڕە |
|---|---|


پێشەكی

بەشی یەكەم: پێناسەی ڕستە

بەشی دووەم: داڕشتنی ڕستە

بەشی یەكەم: كار

جۆرەكانی كار

یەكەم: ڕەگی كاری تێنە پەڕ

تێنە پەڕی بكەری

تێنە پەڕی بەركاری

دووەم: ڕەگی كاری تێپەڕ

بەشی دووەم: پێویستیەكانی كار

أ/ پێویستیە سەرەكیەكانی كار

١/كات

ستونی كاتی ڕابوردو

یاسای ڕۆنانی كاری ڕابوردو

١-ڕابوردوی سادە

٢-ڕابوردوی تەواو

٣-ڕابوردوی بەردەوام

٤-ڕابوردوی دور

ستونی كاتی ڕانەبوردو

١-ئێستا

٢- داهاتو

**٣- ڕانەبوردو**

**٢/توخمەکان ( ڕاناوە لکاوەکان )**

**یەکەم: دەستەی ڕێککەوتن**

**دووەم: دەستەی خاوەنی**

**بەشی سێیەم: بەشە ناسەرەکیەکانی ڕستە**

**بەشی چوارەم: ڕستە و بەشەکانی ئاخاوتن**

**نەخشەی بەشەکانی ڕستە**

**ئە نجامەکان**

**سەرچاوەکان**

**ملخص البحث**

# ڕستە[١]

## پێشەکی:

**لەم چەرخەدا هەر زانستێك زۆر لق و پۆپی لێ ئەبێتەوە و لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نیە، شارەزای هەمو زانستەکان بێ، تەنانەت شارەزایی تاکە زانستێکیش بەتەواوی کارێکی ئاسان نیە، بۆیە، کاری زانا ئەوەیە، پسپۆری و تاییەتمەندی لە لە زانستێك یان لقێکی پەیدا بکا. پسپۆری و تاییەتمەندیش لە زانستێك واتە، دۆزینەوەی کەرەسەکانی و لێکۆڵینەوەیان و دەرخستنی چۆنیەتیی کارکردن و پەیوەندیی نێوانیان و توخمەکانی تر. لێکۆڵینەوەش بە زۆری لە سێ ڕووەوە ئەکرێ، مێژویی: واتە، چۆنیەتبی دروستبون و پەرەسەندنی کەرەسەکە. ئێستایی: واتە، چۆنیەتیی پێکهاتن و کارکردنی کەرەسەکان. بەراورد: واتە، بەرامبەرکردنی کەرەسە هاوشێوە و جیاوازەکان و دەرخستنی لایەنی لێکچون و جیاوازییان.**

---

[١] لەم توێژینەوەدا مەبەستمان لە ڕستە، ڕستەی سادەیە بەگشتی و سادەترین ڕستەی کوردی بە تاییەتی. مەبەستیش لە سادەترین ڕستەی کوردی، ئەو ڕستانەن کە لە شێوەی وشەیەکدا دەردەکەون.

له كۆندا، فەیلەسوف تاكە كەسێك بو كە شارەزایی لە هەمو بوارە زانستیەكان هەبو، چونكە زانستەكان هێشتا چڕ و فراوان نەبون، ئەبێ نكۆڵیش لەوە نەكەین كە بەرهەمی فەیلەسوفەكان بو، زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی زانایان خۆشكرد. بۆ نمونە، ئەفلاتون و ئەرستۆ لەو باوەڕەدا بون، - سروشتی هەستپێكراو دیمەنێكی سەرپێی ڕاستیە هونەریەكانی بنچینەییە، كە مرۆڤ بە سەرنجدان تێیان ئەگا، بە پێچەوانە، هیراقلیتس لەو باوەڕە بو- هیچ ڕاستییەكی بنچینەیی لە ئارادا نیە و جیهان لە گۆڕانێكی بەردەوام دایە(١-٧١)، كەواتە، هەمو زانیارییەك كاتیە و بەردەوام لە پیشكەوتندایە و هەرگیز ڕاستیی تەواو دەستناكەوێ. بۆیە ناكرێ توێژەر دەستبەرداری بەرهەمەكانی پێش خۆی بێ، وەك نیوتن ئەڵێ: (ئەگەر من لە زانا مەزنەكانی پێش خۆم پتر ببینم، هۆی ئەوەیە، من لەسەر شانی ئەوان وەستاوم)، بۆ ئەوەی- وەك هیراقلیتس ئەڵێ- (دوجار لە ڕوبارێكدا هەنگاو نەنێین) (١-٧٠).

لە بەشی یەكەمدا: بە پێناسەی ڕستە لای زمانەوانەكان ئەچینەوە و هەڵیانئەسەنگێنین و لە كۆتاییدا پێناسەیەكی نوێ ئەخەینەڕو.

لەبەشی دوەمدا: پێناسە نوێیەكەی خۆمان شیئەكەینەوە.

لەبەشی سێیەمدا: پێویستیە ناسەرەكیەكانی ڕستە ئەخەینەڕو.

لەبەشی چوارەمدا: فراوانكردنی سادەترین ڕستە و گرنگیی بەشەكانی ئاخاوتن لەم ڕوەوە باسكراوە.

لە كۆتاییشدا: دەرەنجام و سەرچاوەكان و كورتەی عەرەبی و ئینگلیزیش پێشكەشكراوە.

## بەشی یەكەم ــ پێناسەی ڕستە:-

زمان دیاردەیەكی مرۆڤایەتیە و لێكۆڵینەوە لەو سیستەمە كارێكی ئاسان نیە، بۆیە زۆربەی قوتابخانە زمانەوانیەكان پەنا ئەبەنە بەر لێكۆڵینەوەی ڕستە لەبری ئاخاوتن، بەڵام چەمكی ڕستە چەمكێكی ڕون نیە و پێناسەكردنی كارێكی ئەستەمە(٢-٢٨٢)، بە تایبەتی پێناسە، چونكە پێناسە پوختەی دەرەنجامی ڕاستی ئەو چەمكانەیە، كە لێكۆڵینەوە ئەیگاتێ. هیچ پێناسەیەكیش لە سەدا سەد ڕاست نیە. (٣-١٠). دەستنیشانكردنی كەموكوڕیەكانی هەر پێناسەیەك و هەوڵدانی ڕاستكردنەوە و پڕكردنەوەی كەلێنەكانی هەر پێناسەیەك هەنگاوێك ئەو زانستە بەرەو پێشئەبا.

ئەركی زمانەوان دەستنیشانكردن و لێكۆڵینەوەی كەرەسەكانی زمانە. ئەو كەرستانەی بەرجەستەین و ئەتوانرێ بپێورێن، وەك: دەنگەكان، وشەكان و ڕستەكان، دەرەنجامی لێكۆڵینەوەكانیان ڕاستتر و زانستیانەتر ئەبێ، بەڵام ئەو كەرستانەی بەرجەستەیی نین و یەكەی پێوانیان نیە ، وەك: بیر و چەمك و واتا، دەرەنجامی لێكۆڵینەوەكەیان ڕێژەیی و نازانستی دەرەچێ. بۆیە، ئەو پێناسەی ڕێزمانی دێرین، كە پتر پشتیان بە واتا بەستوە، لەلایەن قوتابخانە زمانەوانیەكانی دوای خۆیان كەوتنە بەر ڕەخنە، بۆ نمونە، (ڕستە: زنجیرە وشەیەكە بیرۆكەیەكی تەواو دەرەخا) (٤-٥٧)، (ڕستە ئەم ئاخاوتنەیە لە دوو ووشە یان پتر پەیدا ئەبێ و مەبەستێك ئەدا بەدەستەوە)(٥-١١)، (ڕستە: كۆمەڵە ووشەییێكە كە بە شێوەیەكی تایبەتی ڕیز دەكرێن، هەموویان بەسەر یەكەوە واتایەكی تەواو دەبەخشن)(٦-٨). (پەیڤ: ئەو چەند گوتنێ كو دروستە مرۆڤ ل داویا وان راوەستی، ژ بەر كۆ داخوازێ پێك تینن)(٧-٢)، ئەو ڕەخنانەی لەم جۆرە پێناسانە ئەگیرێن، لەو خاڵانە كۆئەكرێنەوە:-

١- پێناسەكان هەمو ڕستەیەك ناگرنەوە، ئەگەرچی ڕستەمان هەیە، لە پتر لە وشەیەك پێكدێ، بەڵام ڕستەشمان هەیە لە تاكە وشەیەك پێكدێ، وەك: هات، چو، ئەتانبینمەوە... .

٢- ئایا (واتا) یان (مەبەست) چیە؟ چۆن ئەپێورێ و چۆن پێناسە ئەكرێ؟ جیاوازیی نێوان واتای تەواو و ناتەواو چیە؟ ئایا دەستەواژەیەكی وەك: گوڵێكی جوان، شاری قەڵا و منارە، گۆرانی شاعیری سروشت و دەرون... هتد. واتایان هەیە، یان نا؟ ڕستەن یان نا؟ بۆ؟...

(أ) لە ئەنجامی ئەم پرسیار و كەموكوڕیانە زمانەوانەكان كەلێنێكیان لەو پێناسانە دۆزیوەتەوە، ئەویش، ئاماژە نەكردنە بە بونی كار لە ڕستەدا و هەوڵیاندا، كەلێنەكە پڕبكەنەوە، ئەوەش هەنگاوێك ئەو زانستەیان بردە پێشەوە، وەك، (بەو كۆمەڵە واژەیەی كە بە كاری ئەهێنین، وە فرمانێكی لەتەكا ئەبێت و مەعنایەكی تەواو ئەبەخشێ، ئەڵرێ: ڕستە)(٨-١٥). (بەو كۆمەڵە وشەیەی كە بەكار ئەهێنین و مەعنایەكی تەواو دەبەخشێ و كارێكی تێدا دەبێت پێی دەگوترێت ڕستە)(٩-٤٤٥). (ڕستە: ئەو ئاخافتنەیە، كە كاری تێدایە و واتایەكی تەواو ئەبەخشێ)(١٠-٣٠١). (ڕستەی سادە: ئەو ڕستەیە كە تەنیا فرمانێكی تیا هەیە و مەعنایەكی تەواویش ئەبەخشێ)(١١-٤٨).

هەرچەندە ئەو جۆرە پێناسانە مەرجی بونی كاریان خستەڕو، بەڵام گرفتی كۆمەڵە وشە و واتای تەواو و دەرنەكەوتنی كار لە هەندێ ڕستەدا هەر مایەوە، دوای هەستكردنی زمانەوانەكان بەم كەموكوڕیە، بەتایبەتی بە كارتێكردنی قوتابخانەی ئەزمونگەریی

دەروونناسەکان (مدرسة علم النفس التجريبي) کە هەوڵی فەرامۆشکردنی واتایان ئەدا، چونکە بە ڕای ئەوان (واتا ناکەوێتە بەر شیکردنەوەی وردی زانستیانە)(٢-٢٩٥)، و ڕستە بریتیە (لەو کاردانەوەی لای گوێگر دروست ئەبێ)(١٢-١٣)، بەڵام ئەم جۆرە پێناسەیە، زمانەوانی سودی لێ نابینێ، چونکە ئاماژە بۆ کەرەسەکانی ڕستە ناکا. ئەوەش زەمینەی بۆ زمانەوانەکان خۆشکرد کە ئەو جۆرە چەمکانە لە پێناسەکانیان پەردەپۆش بکەن، وەك: (ڕستە شێوەیەکی زمانی سەربەخۆیە)(٢-٢٨٨). (ڕستە ئەوەیە ڕۆنانی ڕستەسازی دروستبێ)(١٣-١١٢)، بەوەش گرفتەکە چارەسەر نەکرا، چونکە ئەرکی ڕستەسازی، لێکۆڵینەوەی کەرەسەکانی ڕستەیە. زمانەوانە هاوچەرخەکان بۆ دۆزینەوەی هاوڕێکی لە نێوان زمانەوانیی نوێ و کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە، ڕویانکردە جۆرێکی تر لە پێناسە. وەك: (هەمو ڕستەیەك لەسەر دو بنچینە دادەمەزرێ بەشی یەکەمیان پێی دەگوترێ (نیهاد) بەشی دوەمیان پێی دەگوترێ گوزارە.)(١٤-٢٤). (ڕستە ئەو پێکهاتەیە کە بەلای کەمەوە لە بکەر و کارێکی ڕێککەوتو پێکهاتوە)(١٥-٩٦). (ڕستە پێکهاتوە لە پاڵدەر و پاڵدراو)(٢-٢٨٨)، (ڕستەی نەفرە ئەو ڕستەیە دەگرێتەوە کە تەنێ لە بەشەکانی سەرەکی ڕستە سەرکار (نیهاد Subject) وە (گوزارە Predicate) پێك دێ) (١٦-١٢٥).


ئەم جۆرە پێناسانە، ئەگەرچی هەندێ گرفتیان چارەکرد، وەك: فەرامۆشکردنی واتا و ئاماژەکردن بۆ پێکهاتەکانی ڕستە، بەڵام هەندێ گرفتی لاوەکیان نایەوە، وەك:


١- ئایا لەم ڕستانەدا (کوردم، مامۆستاین، جوانن،...) کامە فرێزی ناویە (نیهاد) و کامە فرێزی کاریە (گوزارە)؟

٢- ئەگەر لە ڕستەی (دایکەکە خەوت)، (دایکەکە) فرێزی ناوی (نیهاد) بێ، و (خەوت) فرێزی کاری (گوزارە) بێ، ئایا لە ڕستەی (دایکەکە منداڵەکەی خەواند)دا، (منداڵەکە) چیە؟


بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دو ڕێگاچارەیان دانا:-

١- بەرکاریان دایە پاڵ بەشە فرێزی کاری (گوزارە)(١٧-٧٤):




٢- لەبری دابەشکردنی دوانی، دابەشکردنی سیانیش سەریهەڵدا(١٧-٧٥):-




بەوەش گرفتەکان بنەبڕ نەبون، چونکە:-

١- هەندێ ڕستە جگە لە بکەر و بەرکار و کار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵناو و دیارخەر و ئاوەڵکاری کات و شوێن و چۆنیەتی و ... هتد. تێ ئەکەوێ.

٢- هەندێ ڕستە لە کوردیدا لە تاکە وشەیەك پێکدێن و هەمو کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستەیان تێدایە، وەك: چو، نایێ، هەیە، ئەگەڕێینەوە،... هتد. جگە لەمەش لە

هەندێ ڕستەدا تەنیا فرێزی ناوی (بکەر/ بەرکار) لە ئاستی سەرەوە ( Surface Structure ) دەردەکەوێ، وەك: (پ: کێ نانی خوارد؟ و: ئازاد.) (پ: ئازاد چی خوارد؟ و: نان، ...هتد).

بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو، پێناسەیەك ئەخەینەڕو کە هەمو کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە ئەگرێتەخۆی و هەمو ڕاستیە زانستیەکانی زمانەوانی ڕەچاوئەکا: (ڕستە: بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی).

## بەشی دوەم ــ داڕشتنی ڕستە[٢]:

بۆ شیکردنەوەی هەر پێناسەیەك، ئەبێ، یەك بە یەك وشەکانی ئەو پێناسەیە هەڵبسەنگێنین. لە پێناسەی (ڕستە: بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی). ڕستە دابەشی دو بەش ئەکەین، کە یەکەمیان: ڕەگی کار و دوەمیان: پێویستیەکانی ڕەگی کارە.

### بەندی یەکەم ــ ڕەگی کار:

مەبەست لە (کار) ڕەگی کارە. (ڕەگی کاریش: بریتیە لەو مۆرفیمەی گۆڕانکارییەك دەرەخا). ڕەگی کار، سەرچاوەی هەمو ڕۆنانەکانی کارە و هەمو کارێکیش تەنیا یەك ڕەگی هەیە[٣]، کە بریتیە لەو چاوگەی، (ن)ی چاوگ و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (پیتەکەی پێش نونی چاوگ)ی لێ کرتاوە:

ڕەگ = چاوگ □ (نونی چاوگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو)

واتە: چاوگ = ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + نونی چاوگ

ڕەگی کاریش مۆرفیمێکی بەندە و تەوەرەی سەرەکیی ڕستەیە و هەمو مۆرفیم و وشەکانی تر بە پێی پێویست بە دەوری ڕەگی کاردا ئەخولێتەوە.

**جۆرەکانی کار:**

ڕەگی کار، ئەو مۆرفیمەیە کە چەمکی ڕوداوێك ئەبەخشێ. واتە: واتای خودی کارەکە (ڕوداوەکە)، تەنیا بۆ ڕەگی کار ئەگەڕێتەوە. هەر چەمکێکی تر لە ناو فۆرمی کاردا هەبێ،

---

[٢] لەم توێژینەوەیەدا باسی ڕستەی ناسادە (لێکدراو و تێکەڵ) ناکەین، بۆیە، مەبەست تەنیا ڕستەی سادەیە.

[٣] زمانەوانیی دێرین، بە هەڵە دو ڕەگیان بۆ کار دەستنیشان کردوە: ڕەگی ڕابوردو و ڕەگی داهاتو (ڕانەبوردو)، کە لە ڕاستیدا، کار تەنیا یەك ڕەگی هەیە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕانەبوردودا بەسەر ڕەگی کاردا دێن، یان وشەسازین، وەك: (ناردن ← نار ← نێر، شاردنەوە ← شار ← شێر، ژماردن ← ژمار ← ژمێر)، یان دەنگسازی وەك: (کوشتن ← کوش ← کوژ، خواستن ← خواس ← خواز، نوستن ← نوس ← نوز)، یان هەردوکیان وەك: (ناشتن ← ناش ← نێژ، ڕشتن ← ڕش ← ڕێژ، گواستن ← گواس ← گوێز).

وەك: (كات، كەس، دوپاتی، تێپەڕاندن، فەرماندان، بكەرنادیاری، ناكردن، ئاوەڵناوی كراو،... هتد) ئەگەڕێتەوە بۆ بونی مۆڕفیمی تایبەت بەو چەمكە.

ڕەگی كارەكانیش لەناو خۆیاندا دو جۆرن:-

**یەكەم: ڕەگی كاری تێنەپەڕ:**

ئەو ڕەگەیە، تەنیا توخمێك (كەس/ شت) وەرئەگرێ، ئەو توخمە ئەگەر بە خواست و ئارەزوی خۆی كارەكە ئەنجام بدا ، ئەبێتە بكەر، بەڵام ئەگەر كارەكە بەسەری دابێ و خۆی ئەنجامی نەدا ئەبێتە بەركار، كەواتە تێنەپەڕ دو جۆرە:

**١- تێنەپەڕی بكەری:-**

ئەو كارەیە، كە بكەری هەیە. واتە،تەنیا توخمێكی هەیە و توخمەكە بەخواست و ئارەزوی خۆی كارەكە ئەكا. ئەتوانێ، بیكا، یان نەیكا، یان هەرنەبێ، ئەتوانێ، پێش و دوای بخا. لەم جۆرە كارانەدا بیر بۆ بەركار ناچێ. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە كە بەركار لە خودی بكەردا تواوەتەوە.

لەم جۆرە كارانەدا تێبینی دو سەرنج ئەكرێ:-

أ/ دەرەنجامی كارەكە لە بەرژەوەندیی توخمی (بكەر)ە، بۆیە ئارەزوی ئەنجامدانی ئەكا.

ب/ ڕێژەی چاوگە (ا)ییەكان لە تێنەپەڕی بكەری كەمترە لە چاوگەكانی تری (ی، ت، د، و)یی، ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ جۆری دوەم (تێنەپەڕی بەركاری). وەك لەم نمونانەدا دەرەكەوێ (ڕۆیشتن، چون، دانیشتن، چەقین، هەڵـ/ ڕا/ وە/ ستان، خەوتن، نوستن، وەڕین، فڕین، سوڕانەوە، پاڕانەوە، جوڵانەوە، جەنگان، تۆران، خولانەوە، ...هتد)

**٢- تێنەپەڕی بەركاری:-**

ئەو كارەیە كە بەركاری هەیە و بكەری نیە. واتە، لە ڕوی ڕێزمانیەوە مۆڕفیمێك نیە، ئاماژە بۆ (بكەر) بكا. ئەشێ، لە ڕوی ژیربێژیەوە (منطق) لێكدانەوەی بۆ بكرێ و بوترێ (هیچ كارێك لە خۆیەوە ڕونادا)، بەڵام ئەمە ئەركی زمانەوان نیە[٤]، چونكە ئەگەر وابێ، بابەتەكە لە ڕستەسازی دەرەچێ و هەمو ناوێك ئەبێتە كارێك بۆ بكەرێكی پێش خۆی و ناو لە ئارادا نامێنێ(١٩-٢٦٨). لەبەرئەوەی بكەری ئەو جۆرە كارانە سروشتە، یا هۆ (وسیلة)یە، یان ئامێرە (٢٠-٢٤)...هتد، بیرت بۆ بكەر ناچێ. وەك: (كەوتن، خزین، پشكوتن، بارین، تەقین، ڕزین، كۆكین، پژمین، مردن، شكان، ڕژان، سوتان، دڕان، پسان، خنكان، بڕان، ترسان، كرتان، ڕمان، تكان، تاسان، بزڕكان، ترشان، قلیشان، ڕوخان،

---

٤ ئەركی زمانەوان: دەستنیشانكردنی كەرستەكانی زمان و لێكۆڵینەوەیانە، لێكۆڵینەوەكەش چ مێژویی بێ، چ ئێستایی (وصفی) و چ بەراوردی.

پچڕان، دامرکان، توانەوە، کوژانەوە، ڕوتانەوە، تلانەوە، زان، بۆرژان، پژان، خوسان، فەوتان،...هتد).

لەم جۆرە کارانەدا، تێبینی دو سەرنجی پێچەوانەی جۆری یەکەم ئەکرێ:-

ا/ دەرەنجامی کارەکە لە بەرژەوەندیی توخمەکە (بەرکار)دا نیە، بۆیە ئارەزوی ئەنجامدانی کارەکە ناکا.

ب/ ڕێژەی چاوگە (ا)ییەکان زۆرە، تەنانەت زۆربەی چاوگە ئەلفیە تێنەپەڕەکان ئەگرێتەوە..

کارە تێنەپەڕەکانیش بکەری بێ، یا بەرکاری، تەنیا دەستە ڕاناوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) وەرەگرن. لە تێنەپەڕی بکەری، ئەبن بە بکەر (هاتم، چوی، دانیشتØ، هەڵساین، تۆران،...) و لە تێنەپەڕی بەرکاری، ئەبن بە بەرکار (سوتام، کەوتی، مردØ، شکاین، ترسان،...).

**دوەم ـــ ڕەگی کاری تێپەڕ:**

ئەو ڕەگەیە، کە ئاماژە بۆ ڕوداوێك ئەکا، کە ئەبێ دو توخم بەشداری بکەن بۆ ئەنجامدانی کارەکە: یەکەمیان ـــ بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەبابەڕێوە، دەسەڵاتی بەسەر توخمی دوەمدا ئەڕوا و کارەکەی بەسەردا ئەهێنێ، ئەبێتە (بکەر)ی کارەکە، بەڵام توخمی دوەم ـــ دەسەڵاتی بەسەر ڕودانی کارەکە ناڕوا و کارەکە بە خواست و ئارەزوی ئەو ناچێ بەڕێوە و کەتوەتە ژێر دەسەڵاتی توخمی یەکەم و کارەکەی بەسەردا ئەهێنێ، ئەبێتە (بەرکار). وەك لە (نوسین، کێڵان، کوشتن، گرتن، کردن، سوتاندن،...). لە کاری تێپەڕدا، ئەگەر ڕانەبوردو بێ، دەستە ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) ئەبن بە بەرکار و ئەکەونە پێش ڕەگی کار، دەستەی ڕێککەوتنیش (م، ی، Ø، ین، ن، ن) ئەکەونە دوای ڕەگی کار و ئەبن بە بکەر. وەك (ئەیکرم، ئەتنوسیØ، ئەیانکوژن، ئەمانبینن، ئەتانبەین.....)، بەڵام ئەگەر کارەکە ڕابوردو بێ و پێشگری نەبێ، هەردو دەستەکە ئەکەونە دوای ڕەگی کار و دەستەی ڕێککەوتن لە پێش دەستەی خاوەنی دێ و ئەبێتە بەرکار، بەڵام دەستەی خاوەنی لە کۆتایی دێ و ئەبێتە بکەر. وەك (گرتمت، خواردØی، خواردنی،...). لە هەندێ شێوە ئاخاوتنیشدا[5]، هەردوکیان لە دەستەی خاوەنی وەردەگیرێن، وەك: (گرتمانی، بینیتمان، بینیمانت،...).

بە کورتی: دو جۆر کارمان هەیە:

---

[5] وەك لە هەندێ ئاخێوەری ناوچەی گەرمیان دەبیسرێ.

ـــ یان یەك توخم وەرەئەگرێ و كارەكە پێی ئەوترێ (تێنە پەڕ). ئەگەر توخمەكە خۆی كارەكە ئە نجام بدا، ئەبێتە بكەر و بە كارەكەش ئەوترێ (تێنە پەڕی بكەری)، وەك: (هەرێم هات، هۆزان چو، هاوار دانیشت، هەڵۆیەكە فڕی، هەژارەكە خەوت،...)، ئەگەر توخمەكەش خۆی كارەكە ئە نجام نەدا و بەسەریدا بێ، ئەبێتە بەركار و بە كارەكەش ئەوترێ (تێنە پەڕی بەركاری)، وەك: (هێژا سوتا، هێڤی خنكا، هیوا كەوت، هێمن مرد، هێڕشەكە شكا، هەوێنەكە ڕژا، هەناسەی بڕا، هەوساری پسا،...هتد).

ـــ یان دو توخم وەرەگرێ و پێی ئەوترێ (تێپەڕ). دو توخمەكەش یەكێكیان، كارەكە ئە نجام ئەدا و ئەبێتە بكەر، دوەمیان، كارەكەی بەسەردا دێ و ئەبێتە بەركار. وەك: (هەرێم هەڵۆیەكەی فڕاند. هێژا هێڕشەكەی شكاند. هێڤی هەوێنەكەی ڕژاند. هیوا هێمنی كوشت. هەتاو هۆزانەكەی خوێندەوە. هۆنراو هاواری سەرخست...).

## بەندی دوەم ـــ پێویستیەكانی كار:

مەبەست لە پێویستیەكانی كار، جگە لە ڕەگی كارەكە، كە خۆی مۆرفیمێكی بەندی سەرەكی و تەوەرەیە و بە پێی جۆر و مەبەست، پێویستیەكانی دەستنیشانەكا، هەمو پێكهێنەرەكانی تری ڕستە، بریتین لە پێویستیەكانی ڕەگی كار. پێویستیەكانی ڕەگی كاریش دو جۆرن:


### ١/ پێویستیە سەرەكیەكانی ڕەگی كار:-

بریتین، لەو مۆرفیمانەی كە ناتوانرێ، دەستبەرداریان بین و لە ڕستەدا لایانبدەین. لەبەرئەوە ڕەگی كار ناوی گۆڕانكاریە و گۆڕانكاریش واتە، گۆڕانی توخمێك یان زۆرتر لە كاتێكی دیاركراودا. كەواتە، پێویست بە مۆرفیمەكانی كات و مۆرفیمی توخمەكان (ڕاناوە لكاوەكان) هەیە:

**مۆرفیمەكانی كات:-** لە ڕستەدا ئەتوانرێ، كاتی تایبەتی، بەهۆی ئاوەڵكارەكانی كات، كوتومت زۆر بەوردی دەستنیشان بكرێ، وەك: (دوێنێ بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات هاتم. سبەی بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات دێم.) لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ، بەشێوەیەكی گشتی كاتی ڕودای كارەكە بەهۆی مۆرفیمەكانی كات دەستنیشان بكرێ. بۆ نمونە: ناتوانین بڵێین: (دوێنێ بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات دێم). ئەوەش وایكردوە، بتوانین دەستبەرداری كاتە تایبەتیەكان بین و بە زۆری مۆرفیمەكانی كات بۆ چەمكی گشتی كات بەكاربێنین، چونكە بواری ڕودانی كارەكە لەگەڵ مۆرفیمەكانی كات پترە (فراوان ترە)، هەروەها مۆرفیمەكانی كات، كەرەسەی بچوكتر و ئاسانتر و مۆرفیمی بەندن بەڕەگی كارەوە.

بەگشتی دو جۆر کات لە ئارادا هەن: ڕابوردو و ڕانەبوردو.

ڕانەبوردو دابەش ئەبێ بۆ ئێستا و داهاتو. بۆ هەر یەکەشیان مۆڕفیمی تایبەت هەن، وەك لەم هێلکاریەدا دەرەکەوێ:-




- بواری ڕودانی کاتی ئێستا، تەنیا دەمی ئاخاوتنە.
- بواری ڕودانی کاتی ڕابوردو، پێش دەمی ئاخاوتنە تاکو بێپایان.
- بواری ڕودانی کاتی داهاتوش، دوای دەمی ئاخاوتنە تاکو بێپایان.

مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو ئەمانەن: (ا، ی، و، ت، د[6])[7]. مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە)یە، ئەگەر دەرنەکەوێ، ئەبێ بە سفر(Ø). مۆڕفیمی کاتی داهاتو (ێ)یە، ئەگەر دەرنەکەوێ، ئەبێ بە سفر(Ø):-

| ژ | ڕانەبوردو | ڕانەبوردو | |
| --- | --- | --- | --- |
| | | ئێستا | داهاتو |
| ١ | جوان بـــ ـــو<br>م<br>جوان بـــ ـــو<br>ی<br>جوان بـــ ـــو | جوانـــ Ø Ø<br>ـــم<br>جوانـــ Ø Ø<br>ـــی<br>جوانـــ Ø ـــە | جوان بـــ Ø<br>ـــم<br>جوان بـــ Ø<br>ـــی<br>جوان بـــێ Ø |

٦ لە دیالێکتی ژورودا، چاوگی (د)ی نیە، واتە، لە بری (د)، مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو سفرە (Ø). وەك، (کرØ، برØ، مرØ، خارØ، ......)، هەندێ چاوگی (د)یش ئەبن بە (ت)ی. وەك (ناردن ← هنارتن، سپاردن ← سپارتن).

٧ ئەم پێنج مۆڕفۆفۆنیمە پێشیان ئەوترێ (نیشانەکانی چاوگ).

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | Ø | Ø |
| ڕانەبوردو | (ئـ / د) ە مـــــــــــر ێ Ø | مر د Ø | ٢ |
| | (ئـ / د) ە ســـــوت ێ ین | سوتـــــا ن | ٣ |
| | (ئـ / د) ە یـكـــــوژ ێ Ø | كوشـــــتـØـی | ٤ |
| | (ئـ / د) ە مـــــگـــــر Ø ێ | گرتـــ ـمـــ ـت | ٥ |

**شیكردنەوەكان:-**

**<u>ستونی كاتی ڕابوردو:</u>**

**١- بو(م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن) ← □بـ (ڕەگی چاوگی (بون) + مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو (و)[٨] + ڕاناوی لكاوی دەستەی ڕێككەوتن[٩] (بەركار)□.**

**٢- مردØ ← □مر (ڕەگی چاوگی (مردن) + (د) مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو + (Ø) ڕاناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێككەوتن (بەركار)□.**

**٣- سوتان ← □(سو) ڕەگی چاوگی (سوتان) + (ا) مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو + (ن) ڕاناوی لكاوی كەسی دوەم و سێیەمی كۆ لە دەستەی ڕێككەوتن (بەركار)□.**

**٤- كوشتی ← □(كوش) ڕەگی چاوگی (كوشتن) + (ت) مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو + (Ø) سفر ڕاناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێككەوتن (بەركار) +(ی) ڕاناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك لە دەستەی خاوەنی (بكەر)□.**

**٥- نوسیت ← □(نوس) ڕەگی چاوگی (نوسین) + (ی) مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو + (Ø) سفر ڕاناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێككەوتن (بەركار) + (ت) ڕاناوی لكاوی كەسی دوەمی تاك لە دەستەی خاوەنی (بكەر)□.**

**یاسای ڕۆنانی كاتەكانی ڕابوردو:**

**بەر لە هەمو شتێك، ئەبێ ئەوە بزانین، كە هەمو كارێك لە كوردیدا چ ڕابوردو بێ، یا ڕانەبوردو، ڕستەیە، چونكە ئەتوانێ بە تەنیا دەركەوێ. جگە لە كاری ڕابوردوی سادە،**

---

٨ لە دیالێكتی سەرو و خوارودا، مۆڕفیمی (و) كاتی ڕابوردو ئەبێ بە (ی)، وەك: (بون← بین، چون ← چین، دروون ← درووین، گروون← گروین،...)

٩ ڕاناوە لكاوەكان لە دەستەی ڕێككەوتن، بریتین لە (م، ی، Ø، ین، ن، ن)، ڕاناوە لكاوەكانیش لە دەستەی خاوەنی، بریتین لە (م، ت، ی، مان، تان، یان).

**بەمەرجێ بکەر و بەرکار بە ئاشکرا لەگەڵیدا هاتبن، وەك: ( ئازاد نانی خوارد )، بەڵام ئەگەر بکەر و بەرکار بە ئاشکرا دەرنەکەوتن، ئەبن بە ڕاناوی لکاو و کارەکەش ئەبێتە ڕستە، چونکە پێویستیەکانی خۆی تەواو ئەکا و ڕستەکە ئەبێتە: خواردØی ← ( خوار ) ڕەگی چاوگی ( خواردن ) + ( د ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + سفر ( Ø ) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ( ی ) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەدەستەی خاوەنی ( بکەر ).**

**لێرەدا، بە زۆری نمونە لەم ڕستانە ئەهێنینەوە کە لە شێوەی وشە دەرەکەون، چونکە هەرچەندە لە دەربڕیندا ئاسانن، بەڵام لە ڕۆناندا ئاڵۆزن.**

**١- ڕابوردوی سادە / ( ڕوت ):**

**( أ ) لە کاری تێنەپەڕی بکەریدا:**

**ڕەگی کار+مۆرفیمی ڕابوردو+ڕاناوی ڕێککەوتن ( بکەر ).**

**وەست + ا + ( م/ ی/Ø /ین /ن /ن ) ← وەستام**

**خەو + ت + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← خەوتی**

**فــــڕ + ی + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← فڕیØ**

**چـــــ + و + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← چوین**

**( ب ) لەکاری تێنەپەڕی بەرکاریدا:**

**ڕەگی کار+مۆرفیمی ڕابوردو+ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار )**

**سوت + ا + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← سوتام**

**کەو + ت + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← کەوتی**

**خــز + ی + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← خزیØ**

**بــــ + و + ( م/ ی/ Ø/ ین/ ن/ ن ) ← بوین**

**( ج ) لە کاری تێپەڕدا:**

**ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ڕاناوی خاوەنی ( بکەر )**

**کێڵـ + ا + سفرØ + م ← کێڵاØم**

**کوش + ت + مـ + ت ← کوشتمت**

**کڕ + یـ + Ø + یان ← کڕیـØـیان**

**درو + و + Ø + ی ← درووØی**

**خوار + د + مـ + یان ← خواردمیان**

**٢- ڕابوردوی تەواو:-**

( أ ) له کاری تێنه پەڕی بکەریدا :

□ئاوەڵناوی کراو ← ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابورد + ( و )[10] مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو□ + مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بکەری ).

وەست + ا + و + Ø + م ← وەستاوØم

نوسـ + ت + و + Ø + ی ← نوستوØی

فڕ + ی + و + ە + Ø ← فڕیوەØ

چو + و + و + Ø + ین ← چووØین

( ب ) له کاری تێنه پەڕی بەرکاریدا :

□ئاوەڵناوی کراو ← ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابورد + ( و ) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو□ + مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکاری ).

ترس + ا + و + Ø + م ← ترساوØم

کەو + ت + و + Ø + ی ← کەوتوØی

ڕز + ی + و + ە + Ø ← ڕزیوەØ

مـر + د + و + Ø + ن ← مردوØن

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ: ئەگەر ڕاناو دەرکەوێ، ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرناکەوێ، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکی دەستەی ڕێککەوتن، ڕاناو سفرە و دەرناکەوێ.

( ج ) له کاری تێپەڕدا :

□ئاوەڵناوی کراو ← ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابورد + ( و ) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو□ + ڕاناوی خاوەنی ( بکەری ) + ( ە ) مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ).

هێنـ + ا + و + مـ + ە + Ø ← هێناومەØ

گر + ت + و + تـ + ە + Ø ← گرتوتەØ

بڕ + ی + و + یان + Ø + ن ← بڕیویانـØن

٣- ڕابوردوی بەردەوام:

( أ ) لەکاری تێنه پەڕی بکەریدا :

□د/ئـ□( ە ) مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بکەر )

□د/ئـ□( ە ) + گەڕ + ا + م ← ئەگەڕام/ دەگەڕام

[10] له هەندێ ناوچه ( سۆران ، ژورو، ... ) ( ی ) له بری ( و ) بەکاردێ.

□د/ئـ□( ه ) + سرەو + تـ + ی ← ئەسرەوتین/ دەسرەوتین

پێـ□د/ئـ□( ه ) + کەنـ + یـ + ن ← پێـ( ئەکەنین/ دەکەنین )

**( ب ) لە کاری تێنە پەڕی بەرکاریدا :**

□د/ئـ□( ه ) مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار )

□د/ئـ□( ه ) + شك + ا + ین ← ئەشکاین/ دەشکاین

□د/ئـ□( ه ) + تەقـ + یـ + Ø ← ئەتەقی/ دەتەقی

□د/ئـ□( ه ) + مر + د + ی ← ئەمردی/ دەمردی

**( ج ) لەکاری تێپەڕدا :**

□د/ئـ□( ه ) مۆڕفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی خاوەنی ( بکەری ) + ڕەگ + مۆڕفیمی ڕابورد + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ).

( د/ئـ )ه + مانـ + خوار + د + ن ← ( د/ئـ )ەمانـخواردن

( د/ئـ )ه + یـ + کێشـ + ا + Ø ← ( د/ئـ )ەیکێشاØ

( د/ئـ )ه + تانـ + گر + تـ + ین ← ( د/ئـ )ەتانگرتین

( د/ئـ )ه + تـ + نوسـ + یـ + ی ← ( د/ئـ )ەتانوسیی

لێرەدا، ئەبێ چۆنیەتی نوسینی چاوگە (ی)یەکان ڕەچاوبکرێ. کاتێ بەرکارەکە کەسی دووەمی تاك، یان یەکەمی کۆ بێ، ئەبێ بە دو (یی) بنوسرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕانەبوردو تێکەڵ نەبن، وەك:

| ڕابوردوی بەردەوام | ڕانەبوردو |
|---|---|
| ئەو تۆی ئەنوسی- ئەینوسیی | تۆ ئەو ئەنوسی- ئەینوسـØـی |
| ئەوان ئێمەیان ئەبینی- ئەیانبینیین | ئێمە ئەوان ئەبینین- ئەیانبینـØین |
| ئێمە ئەفڕین- ئەفڕیین | ئێمە ئەفڕین- ئەفڕØین |
| تۆ ئەخزیی- ئەخزیی | تۆ ئەخزی- ئەخزØی |
| ئەو ئێمەی ئەناسی- ئەیناسیین | ئێمە ئەو ئەناسین- ئەیناسـØین |
| ئێمە ئەومان ئەدزیی- ئەماندزیØ | ئێمە ئەو ئەدزین- ئەیدزØین |

**ڕابوردوی دور:**

**( أ ) لەکاری تێنە پەڕی بکەریدا :**

ڕەگی کار + مۆڕفیمی ڕابوردو + (بـ) ڕەگی (بون) + (و) مۆڕفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بکەر )

وەست + ا + بـ + و + م ← وەستابوم

نوس + تـ + بـ + و + ی ← نوستبوی

پێکەن + ی + بـ + و + Ø ← پێکەنیبوØ

**( ب ) لەکاری تێنە پەڕی بەرکاریدا :**

ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + ( بـ ) ڕەگی ( بون ) + ( و ) مۆرفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار )

شکـ + ا + بـ + و + ین ← شکابوین

ڕز + یـ + بـ + و + ن ← ڕزیبون

کەو + تـ + بـ + و + Ø ← کەوتبوØ

جیاوازیی نێوان تێنە پەڕی بکەری و بەرکاری، تەنیا ئەوەیە : ڕاناوی ڕێککەوتن لە بکەریدا ئەبێتە ( بکەر ) و لە بەرکاریدا ئەبێتە ( بەرکار )، چونکە بکەر ئەو توخمەیە، خۆی کارەکە ئەکا و بەرکار ئەو توخمەیە، کارەکەی بەسەردا دێ.

**( ج ) لەکاری تێپەڕدا :**

ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + ( بـ )ڕەگی ( بون ) + ( و ) مۆرفیمی ڕابوردو + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ) + ڕاناوی خاوەنی ( بکەر ).

خوار + د + بـ + و + م + ی ← خواردبومی

گر + تـ + بـ + و + Ø + یان ← گرتبوØیان

نوسـ + یـ + بـ + و + نـ + ی ← نوسیبونی

## ستونی کاتی ڕانەبوردو[11] :

کاتی ڕانەبوردو پێکدێ لە ئێستا و داهاتو. ئێستا: بریتیە لە دەمی ئاخاوتن و داهاتوش : بریتیە لە دوای دەمی ئاخاوتن تا کۆتایی بێپایان.

کەواتە، ڕانەبوردو پێکدێ لە سێ ستون :

**یەکەم ـــ ئێستا :-**

ئاوەڵناو + ( Ø ) ڕەگی ( بون ) + ( ە/Ø ) مۆرفیمی ئێستا + ڕاناوی ڕێککەوتن ( بەرکار ).

زیرەك + Ø + Ø + م ← زیرەكØØـم.

پـیـاو + Ø + Ø + ی ← پیاوØØـی.

جوانە + Ø + ـە + Ø ← جوانـØـەØ.

لێرەدا دو سەرنج تێبینی ئەکرێن :

١١ ڕانەبوردو ( المضارع )، ئێستا ( الحاضر )، داهاتو ( المستقبل ).

١- مۆڕفیمی کاتی ئێستا، تەنیا لەکەسی سێیەمی تاك بە ئاشکرا وەك ( ە ) دەرەکەوێ و لە کەسەکانی تر دەرناکەوێ، چونکە مۆڕفیمی (ە)، دەنگێکی ناسك و بێهێزە، ئەگەر دەنگێکی تری بەدوادا بێ، لەناودەچن. لەم دۆخەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك سفرە ( Ø ) و دەرناکەوێ، بۆیە تەنیا لە کەسی سێیەمدا مۆڕفیمی ( ە )ی کاتی ئێستا دەرەکەوێ.

٢- ڕەگی کار لە ڕستەی کاتی ئێستا سفر( Ø )ە و لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ، ڕستەکە لە جۆری هەواڵدان ئەگۆڕێ بۆ جۆری نیازداری یان فەرماندان:

| ڕستەی هەواڵدان | ڕستەی نیازداری |
| --- | --- |
| زیرەك+Ø+Ø+م←زیرەکم | زیرەك+بـ+Ø+م←زیرەك بم |
| پیاو+Ø+Ø+ی← پیاوی | پیاو+بـ+Ø+ی← پیاو بی |
| جوانە+Ø+ـە+Ø←جوانـە | جوان+بـ+ـە+Ø←جوان بە |

ئەگەر ( بـ )ی ڕەگی چاوگی ( بون ) بە ئاشکرا دەرکەوێ، لە هەمو کەسەکان ڕستەکە ئەبێ بە نیازداری ( مەرجی )، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، جگە لەوەی ڕستەکە ئەبێتە فەرماندان، کەسەکەش لە سێیەم ئەگۆڕێ بۆ دوەم.

بۆ دڵنیا بونیش لەوەی ڕەگی چاوگی ( بون ) لەو شوێنە هەیە و دەرناکەوێ، ئەتوانین، لەگەڵ تافی ڕابوردو و داهاتو بەراورد بکەین:

| ڕابـــــــوردو | ئێـــــــتا | داهــــــاتـــــــو |
| --- | --- | --- |
| زیرەك بـ و م | زیرەکـØØم | زیرەك بـØم |
| پیاو بـ و ی | پیاوØØی | پیاو بـØی |
| جوان بـ و Ø | جوانـØـەØ | جوانـ بـØـی |

دوەم ـــ داهاتو:-

( ێ )ی مۆڕفیمی کاتی داهاتوش وەك ( ە )ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا، ئەگەر ڕاناوێك لە دواوەی دەرکەوێ، مۆڕفیمی ( ێ ) دەرناکەوێ، بەڵام ئەگەر ڕاناوی دواوەی سفر( Ø ) بێ و دەرنەکەوێ، مۆڕفیمی ( ێ ) دەرەکەوێ.

ڕستەی داهاتو ( لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ) تەنیا لە شێوەی نیازداری ( مەرجی ) بەرچاو ئەکەوێ:

( ئەگەر ) ژیـــــر بـــØـــم/ بـخـــوێـنـــØـــم...

( ئەگەر ) چالاك بـــØـــی/ تێ بکۆشـØـــی...

( ئەگەر ) هێمن بـــێØ / هەڵنەچێØ...

لەو ڕەگانەی کۆتاییان بە بزوێن هاتوە، (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو لە کەسی سێیەمی تاکیشدا دەرناکەوێ:-

(ئەگەر) بشواØØ، بخواØØ، بڕواØØ، بداØØ، بباØØ، بکاØØ،...

**سێیەم ــ ڕانەبوردو:-**

کاری ڕانەبوردو دو مۆرفیمی کاتی تێدایە: (ە)ی کاتی ئێستا ئەکەوێتە پێش ڕەگ و (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو ئەکەوێتە دوای ڕەگ:

**(أ) لە کاری تێنەپەڕی بکەریدا:**

(ە)ی مۆرفیمی ئێستا + ڕەگی کار + (ێ/Ø)ی مۆرفیمی داهاتو + ڕاناوی ڕێککەوتن(بکەر)

(ئـ/د) ە + چـ + Ø + م ← ئەچـØم / دەچـØم.

(ئـ/د) ە + هـ + یـ + ی ← ئەهێی / دەهێی.

(ئـ/د) ە + گەڕ + یـ + Ø ← ئەگەڕێØ / دەگەڕێØ.

**(ب) لەکاری تێنەپەڕی بەرکاریدا:**

(ە)ی مۆرفیمی ئێستا + ڕەگی کار + (ێ/Ø)ی مۆرفیمی داهاتو + ڕاناوی ڕێککەوتن(بەرکار)

(ئـ/د)ە + سوتـ + یـ + ین ← ئەسوتێین / دەسوتێین.

(ئـ/د)ە + خلیسکـ + یـ + ن ← ئەئەخلیسکێن/ دەخلیسکێن.

(ئـ/د)ە + پسـ + یـ + Ø ← ئەپسێØ/ دەپسێØ.

لێرەش تێبینی ئەوە ئەکرێ، لە چاوگە تێنەپەڕە (ا)ییەکاندا لە هەمو کەسەکان مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو دەرەکەوێ.

**(ج) لە کاری تێپەڕدا:**

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، دو مۆرفیمی کات لە کاری ڕانەبوردودا هەن: (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پێش ڕەگی کاردا دێ و (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتوش ئەکەوێتە دوای ڕەگی کار.

(ئـ/د)ە مۆرفیمی ئێستا + ڕاناوی خاوەنی بەرکار + ڕەگی کار + مۆرفیمی داهاتو + ڕاناوی ڕێککەوتن (بکەر)

(ئـ/د)ە + تانـ + بین + Ø + ین ← (ئـ/د) ەتانبینـØین.

(ئـ/د)ە + یـ + گر + Ø + ن ← (ئـ/د)ەیگرØن.

(ئـ/د)ە + تـ + ناسـ + ێ + Ø ← (ئـ/د)ەتناسێØ.

لە تافی ڕانەبوردودا، سێ تێبینی سەرنجمان ڕائەکێشن:

١- ئەو چاوگانەی تێپەڕێنراون، مۆڕفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو تیایاندا لە ڕانەبوردو ئەبێتە (ێ)ی مۆڕفیمی داهاتو:

سوتـ(ا)ندم ← (ئـ/د)ەسوتـ(ێـ)نم.

شکـ(ا)ندت ← (ئـ/د)ەشکـ(ێـ)نی.

ڕوخـ(ا)ندیان ← (ئـ/د)ەڕوخـ(ێـ)نن.

لە بنجدا ئەم دو دەنگە، (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە و (ێ) مۆڕفیمی کاتی داهاتوە، بەڵام لە دوایدا بونەتە ناوگر (Infixes) (٢١-٨٨) و ڕۆلی خۆیان نابینن، بە تایبەتی چونکە مۆڕفیمی هاوئەرکیان بە شوێندا هاتوە. ئەم دیاریدەیە لەو چاوگانەش بەدی ئەکرێ کە بە مۆڕفیمی (اردن) کۆتاییان هاتوە:

سپـ(ا)ردم ← (ئـ/د)ەیسپـ(ێـ)رم.

ژمـ(ا)ردت ← (ئـ/د)ەیژمـ(ێـ)ری.

نـ(ا)ردی ← (ئـ/د)ەینـ(ێـ)رێ.

بژ(ا)ردمان ← (ئـ/د)ەیبژ(ێـ)رین.

شـ(ا)ردتانەوە ← (ئـ/د)ەیشـ(ێـ)رنەوە.

بەڵام ئەم یاسایە چاوگی (خواردن) ناگرێتەوە، چونکە لە بنجدا (خوەردن)ە.

٢- مۆڕفیمی (ێ)ی کاتی داهاتو، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێ و لە کەسەکانی تر ئەبێ بە سفر (Ø) و دەرناکەوێ.

٣- لە دیالێکتی ژورودا ئەتوانرێ، مۆڕفیمی (ە)ی کاتی ئێستا کە لەسەرەتا هاتوە، بگۆڕێ بۆ (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو تاکو بە تەنیا چەمکی داهاتو بدا:

(ئـ/د)ەچـــم ← (ئـ/د)ێچـم.

(ئـ/د)ەنوسی ← (ئـ/د)ێـنڤیسی.

هەروەها تێبینی ئەوەش ئەکرێ، کە دەنگی (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا سواوە، چونکە کەوتۆتە نێوان دو دەنگ.

**<u>مۆڕفیمی توخمەکان (ڕاناوە لکاوەکان)</u>:** دوەم پێویستیی سەرەکیی ڕستە مۆڕفیمی توخمەکانە، واتە، ڕاناوە لکاوەکانە. لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دو دەستە ڕاناوی لکاو هەیە:

**یەکەم ــ دەستەی ڕێککەوتن:-**

ڕاناوەکان کۆمەڵەی داخراون و هەر دەستەیەی لە شەش ڕاناو پێکدێن. وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:-

<u>کەسەکان</u> <u>تاك</u> <u>کۆ</u>

| | | |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دوەم | ی | ن |
| سێیەم | سفرØ | ن |

**ئەم دەستەیەمان ناو نا (ڕێککەوتن)، چونکە بە پێی پێویستیی کارەکە ئەرکی خۆیان لە بکەری و بەرکاری ئەگۆڕن. هەردەم ئەکەونە دواوەی ڕەگی کار(٢٢-٧٠) و بە دوای مۆرفیمەکانی کاتدا دێن:**

**١- لە ڕۆلی بکەریدا:-**

**ئەم دەستەیە لە دو شوێندا ئەرکی بکەر ئەبینن:**

**(أ) لەگەڵ کاری ڕابوردو و ڕانەبوردوی تێنەپەڕی بکەری:**

**چو(م) □ ئەچـ(م)، خەوتـ(ی) - ئەخەو(ی)، هەڵستا(Ø) □ هەڵئەستێ(Ø)، دانیشتـ(ین) □ دائەنیشـ(ین)، پێکەنیـ(ن) □ پێئەکەنـ(ن)....**

**(ب) لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ:**

**ئەیانچێنـ(م)، ئەیا نخوێنـ(ی)ەوە، ئەمانبینێ(Ø)، ئەیگر(ین)، ئەیاننوسـ(ن)....**

**٢- لە ڕۆلی بەرکاریدا:-**

**ئەم دەستەیە لە دو شوێندا ڕۆلی بەرکاری ئەبینێ:-**

**(أ) لەگەڵ ڕابوردو و ڕانەبوردوی تێنەپەڕی بەرکاریدا:**

**شکا(م)، ئەشکێ(م)، کەوتـ(ی)، ئەکەو(ی)، خزی(Ø)، ئەخزێ(Ø)، بو(ین)، ئەبـ(ین)، مرد(ن)، ئەمر(ن)...**

**هەروەها لە ڕستەی ئارایيشدا (بونایەتی/ ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا) هەمان ڕۆلی بەرکار ئەبینن، چونکە لەو جۆرە ڕستانەدا چاوگی (بون) تێنەپەڕی بەرکارییە: باشـ(م)، باش بو(م)، باش ئەبـ(م)، جوانـ(ی)، جوان بو(ی)، جوان ئەبـ(ی)، زیرەکە(Ø)، زیرەك بو(Ø)، زیرەك ئەبێ(Ø).**

**(ب) لەگەڵ ڕابوردوی تێپەڕدا:**

**دەستەی ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن لە ڕۆلی بەرکاریدا، ئەکەونە نێوان مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و ڕاناوی لکاوی خاوەنی: کوشتـ(مـ)ـی، گرتـ(مـ)ـت، نوست(Ø)م، سوتاند(نـ)ـی،...**

**هەروەها لەگەڵ ڕابوردوی تێپەڕدا، ئەشتوانن، ببن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بەیاریدە): پێی کرد(م)، لێیان دا(ین)، بۆیان هێنا(ی)، لێیان خوارد(Ø)،...**

**ئەو تێبینیانەی لێرەدا سەرنج ئەدرێن، ئەمانەن:**

١- له نوسینی كاتی ڕابوردوی ساده و بەردەوام له چاوگه تێنه پەڕه (ی)ییەكاندا، ئەبێ، ڕەچاوی ئەوه بكرێ، له كەسی دوەمی تاك و یەكەمی كۆدا دو پیتی (ی) بەدوای یەكدا دێن، یەكەمیان مۆڕفیمی كاتی ڕابوردوه و دوەمیان ڕاناوی لكاوه، وەك:

| كەسی دوەمی تاك | | كەسی یەكەمی كۆ |
|---|---|---|
| (تۆ) پژمیی  ئه پژمیی | (ئێمه) | پژمیین  ئه پژمیین |
| (تۆ) خزیی  ئەخزیی | (ئێمه) | خزیین  ئەخزیین |
| (تۆ) فڕیی  ئەفڕیی | (ئێمه) | فڕیین - ئەفڕیین |

٢- ڕاناوی لكاوی كەسی دوەمی تاك تەنیا (ێ)یه، هەندێ جار دەنگی (ت)یشی لەگەڵدا بەكاردێ(٢٣-٨٨)، (ت)ی ئەم ڕاناوه لەو جۆرەیه كه له زانستی زمانا پێی دەوترێ Optional واتا (إختياري) لابردنی له هەندێ حاڵەت دا كار له ڕێزمانیەتی و ماناكەی ناكات(٢٢-١٩٥). لێرەدا دەرەكەوێ كه دانان و دانەنانی، كار له واتا ناكا. كەواتە، له ڕوی وشەسازیەوه هیچ ئەركێكی نیه و نابێته هۆی واتاگۆڕین، ئەمەش بۆمان ئەسەلمێنێ كه مۆڕفیم نیه، چونكه ئەگەر مۆڕفیم بێ، (لادان یان گۆڕینی هەر بەشێكی ئەبێته هۆی تێكچونی و هیچ پەیوەندیەكی به بنجی توخمەكه نامێنێ)(٢٤-٢٩).

ئەم فۆنیمه له بنجدا دەنگێكی ناوبڕه و ئەكەوێته نێوان بزوێنی (ی)، كه ڕاناوی لكاوی كەسی دوەمی تاكه و هەر بزوێنێكی تر كه بەدوایدا بێ، وەك: (ە)ی ئامرازی پەیوەندی: چوی(تـ)ـه هەندەران؟ یان (ەوه)ی ئامرازی دوپاتی: كەی ئەگەڕێی(تـ)ـەوه ؟. ئینجا كاتێ پێویستیمان به (ە)ی ئامرازی پەیوەندی، یا (ەوه)ی ئامرازی دوباره نەما، ئەم دەنگی (ت)ه هەر ماوەتەوه ئەم هاوواتایەی (Allomorph) بۆ دروستكردوین، ئەگەرنا دەتوانین، ئەم جۆره دەربڕینانه بەبێ ناوبڕی (ت)یش هەر دەربڕین، چونكه دەنگی (ی)، كه ڕاناوەكەیه نیمچه بزوێنه و ئەتوانرێ، لەم شوێنەدا به نەبزوێنی دابنێین و پێویست بەو ناوبڕه نەكا: چویته هەندەران؟/ چویه هەندەران؟، ئەخۆیتەوه؟/ ئەخۆیەوه؟، ئەبیته مامۆستا./ ئەبیه مامۆستا.،.....

ئەوەی شایانی باسه: هەندێ جار ئەبێته هۆی نەهێشتنی لێڵواتایی و تێكەڵنەبونی كەسی دوەم و سێیەمی تاك، چونكه بەمەش بۆ هەر یەكێكیان دو شێوەی دەربڕین دروستەبێ:-

| كەسی دوەمی تاك | كەسی سێیەمی تاك |
|---|---|
| (تۆ) گەڕایەوه  گەڕایتەوه | (ئەو) گەڕاØەوه  گەڕایەوه |
| (تۆ) سوڕایەوه  سوڕایتەوه | (ئەو) سوڕاØەوه - سوڕایەوه |
| (تۆ) شكایەوه  شكایتەوه | (ئەو) شكاØەوه  شكایەوه |

(٣) ئەگەرچی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (Ø) سفرە، بەڵام زمانەوانەکان بە هەڵە چەند فۆڕمێکی تریان بە هاوواتای ئەم ڕاناوە داناوە، وەك:

١- (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا:

کوردØØم، مەردØØم، سوتاوØØم، هاتوØم

کوردØØی، مەردØØی، سوتاوØØی، هاتوØی

کوردØـەØ، مەردØـەØ، سوتاوØـەØ، هاتوەØ

٢- (ی)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو:

بنوسـØـم، نەمرØـم، ئەخوێنـØـم، ناچـØـم

بنوسـØـی، نەمرØـی، ئەخوێنـØـی، ناچـØـی

بنوسـێØ، نەمرێØ، ئەخوێنـێØ، ناچـێØ

٣- (ت)ی دەنگی ناوبڕی نێوان (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو و (موە)ی ئامرازی دوپاتی:

(من) بسوڕێمەوە ، نەگەڕێمەوە ، ئەڵێمەوە، ناهێمەوە

(تۆ) بسوڕێیەوە، نەگەڕێیەوە ، ئەڵێیەوە، ناهێیەوە

(ئەو) بسوڕێتەوە، نەگەڕێتەوە، ئەڵێتەوە، ناهێتەوە

٤- (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو لەگەڵ (ت)ی ناوبڕ یان پاشماوەی ناوبڕیەتی، واتە، فۆڕمی (ێت):

(من) بچـØـمەوە ، نەگرØمەوە ، ئەبـØـم، نانوØم

(تۆ) بچـØـیەوە ، نەگرØیەوە ، ئەبـØـی، نانوØی

(ئەو) بچـێتەوە ، نەگرێتەوە ، ئەبـێتØ، نانوێتØ

٥- (ا)ی دەنگی بزوێنی درێژ، کە لەبنجدا درێژبوەوەی ئەو بزوێنە کورتەیە کە لە کۆتایی ڕەگی ئەو چاوگانە دێ:

خواردن ← خوەردەن ← خوە ← خو. ئەخوەØØ/ ئەخواØØ

شوشتن ← شوەردەن ← شوە ← شو. ئەشوەØØ/ ئەشواØØ

ڕۆیشتن ← ڕەفتەن/ ڕەوتەن ← ڕەو ← ڕو. ئەڕوەØØ/ ئەڕواØØ

گەیشتن ← گە ← ئەگەØم  ئەگەØی  ئەگەØØ/ ئەگاØØ

کردن ← کە ← ئەکەØم  ئەکەØی  ئەکەØØ/ ئەکاØØ

بردن ← بە ← ئەبەØم  ئەبەØی  ئەبەØØ/ ئەباØØ

دان ← دە ← ئەدەØم  ئەدەØی  ئەدەØØ/ ئەداØØ

٦- (ات) كە پێكهاتوە لەو دەنگی (ا)یەی كە لە خاڵی پێشتر (٥)ەم باسمان كرد، لەگەڵ (ت)ی دەنگی ناوبڕ كە لە نێوان دەنگی (ا)ی بزوێن و (ە) بزوێنی دوای خۆی دێ، چ وەكو ئامرازی پەیوەندی، چ وەكو ئامرازی دوپاتی:

ئەكاتە چەند؟ ، ئەگاتە كوێ؟ / ئەباتە ماڵ. ئەڕواتە بازاڕ. ناداتە كەس.

ئەڕواتەوە. ئەكاتەوە. ئەباتەوە. ئەخواتەوە. ئەداتەوە. ئەشواتەوە.

**دوەم ــ دەستەی خاوەنی:-**

ئەم دەستەیەمان ناونا: خاوەنی، چونكە ئەركی سەرەكیی نیشاندانی خاوەنیە. ڕاناوە تاكەكانی ئەم دەستەیە یەك مۆڕفیمن، بەڵام ڕاناوە كۆیەكانی لە دو مۆڕفیم پێكدێن. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەرەكەوێ:

| كەسەكان | تاك | كـــــــــــــۆ |
|---|---|---|
| یەكەم | م | مـ + ان ← مان |
| دوەم | ت | تـ + ان ← تان |
| سێیەم | ی | یـ + ان ← یان |

ڕوخسارە تایبەتیەكانی ئەم دەستەیە ئەمانەن:

١- ئەم دەستەیە بە هەمو بەشەكانی ئاخاوتنەوە ئەلكێن، تەنیا ڕەگی كار نەبێ. تەنانەت لەو شوێنانەشدا، كە وا دەرەكەون كە بەكارەوە لكاون، وەك: خواردمان، هێناتان، نوسییان،... لە بنەڕەتدا بە ڕاناوی لكاوی ڕێككەوتنەوە لكاون، كە سفرە (Ø) بۆ كەسی سێیەمی تاك و ڕۆلی بەركار ئەبینێ: خوار+د+Ø+مان. هێنـ+ا+Ø+تان. نوسـ+یـ+Ø+یان...

٢- هەردەم ئەیانەوێ، بەو شتانەوە بلكێن كە ئەبنە خاوەنیان وەك: پێنوسم. دەستت. جلەكانی. چاومان.

ئەم دیاردەیەش وایكردوە كە لە ڕابوردوی تێپەڕدا، بكەر ببێتە خاوەنی بەركار، بەڵام لە ڕانەبوردودا، پێكەوە نالكێن، چونكە بكەر هێشتا نەبوەتە خاوەنی بەركار، یان هێشتا دەسەڵاتی بەسەریدا نەڕۆیشتوە:

ئێمە خانوێك ئەكڕین. ئێمە خانوێكمان كڕی.

ئەوان دزەكە ئەگرن. ئەوان دزەكەیان گرت.

ئەو پارەكە ئەباØ. ئەو پارەكەی برد.

٣- ئەم دەستەیە لەگەڵ تێنەپەڕی بەركاری نایێ، چونكە دو توخمی تیادا نیە، تاوەكو یەكێكیان ببێتە خاوەنی دوەم، بەڵام ئەشێ لەم بارەدا لەگەڵ بەركاری بەیاریدە بەكاربێ:

بە ئوتومبێلەکەی هات.

٤- لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕدا ڕۆلی بەرکار ئەبینن و ئەکەونە پێش کارەکە: ئەتانناسین. ئە یخۆین. ئەتاندۆزنەوە. ئەیاندوێنم...

٥- لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕدا ڕۆڵی بکەر ئەبینن، بەڵام ئەکەونە کۆتایی کارەوە. واتە، دوای ڕاناوەکانی ڕێککەوتن، کە لەم بارەدا ئەبنە بەرکار: گرتمت. شکاندØیان. ناردØمان. هێناØتان[12]...

## بەشی سێیەم: بەشە ناسەرەکیەکانی ڕستە:

### بەندی یەکەم ـــ کورت بونەوەی ڕستە:

هەر لە کۆندا هەست بەوە کراوە کە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، یۆنانیەکان لەو باوەڕەدا بون کە گۆڕان زمان بەرەو شێوان و تێکدان ئەبا، وەکو هەمو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بەڵام زمانەوانیی نوێ، لە سەرەتای ئەم سەدەیە، بەتایبەتی لەسەر دەستی سۆسێر(٢٥-١٤٢) و هاوبیرەکانی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، وەکو هەمو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر، پابەندی پێشکەوتن و گۆڕانە. یەکێ لە لایەنە هەرە گرنگەکانی گۆڕانی زمانیش کورتبونەوەی کەرەسەکانیەتی لە دەنگ و وشە و ڕستە.

بەگشتی، هۆیە سەرەکیەکانی گۆڕانی هەر زمانێك و کورتبونەوەی ڕستەکانی بریتین لە زۆربونی ژمارەی وشەکان، بە پێی زۆربونی بیر و ڕاو چەمکەکان و فراوانبونیان لەگەڵ ئەوەشدا کە کات بە نەگۆڕی و چەسپاوی ماوەتەوە. بۆ نمونە، ژمارەی ئەو چەمکانەی کە لە قۆناغی سەرەتای مرۆڤایەتیدا بەکارهاتون، ئەبێ کەمتر بوبن لە قۆناغەکانی تر و بێگومان لەو وشانە پتر نەبوون کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان پێویستییان پێیان هەبوە، وەك: ئەندامانی خێزان: دایك، باوك، خوشك، برا، خوشکی دایك، خوشکی باوك، برای دایك، برای باوك، ... ناوەکانی ژینگە: ئەشکەوت، دار، بەرد، زەوی، ئاسمان، ڕوبار، چیا، ... ناوی دیاردەکان: باران، بروسك، با، بەفر،... ناوی گیانەوەران: گورگ، مەڕ، کەر، مری ئاوی(مراوی)، مری وشك (مریشك)، ... ناوی ئەو ڕوداوانەی بەسەر ئەوانە دادێن، واتە،

---

١٢ لە هەندێ ناوچەدا وەك گەرمیان- هەردو ڕاناوەکە لە دەستەی خاوەنی بەکاردێن: بینیمانی، ناسیمانی،... تەنانەت زۆرجار لەگەڵ کاری تێنە پەڕیش بەکاریان دێنن: چومان، ڕۆیشتمان...

لە خوارودا لوڕ- ڕۆلی بکەری و بەرکاری ئاڵوگۆڕ ئەبێ، بۆنمونە: (سەرم بڕی). لە خوارو واتە، ئەو سەری منی بڕی، بەڵام (سەری بڕیم) واتە، من سەری ئەوم بڕی...

کارەکان: وەستان، نیشتن، ڕۆیشتن، سوتان، زان، بون،... هتد. ئەم ناوانەش بە پێی شوێن و ژینگە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر ئەگۆڕێ.

لە فۆناغی ڕاو و شکاردا، جگە لە ناوەکانی قۆناغی پێشتر، کۆمەڵێ ناوی تر و لەگەڵ ناوەکان کرداری تری نوێ هاتنە ئارا کە پێویستیەکانی نوێی دابین ئەکرد، وەك: ڕاو، تیر، کەوان، چەقۆ، کوشتن، کەوڵ، برژاو، خاو، دڕندە....

بەهەمان شێوە لە قۆناغی ئاژەڵداریدا، چەندین وشە و کرداری تر هاتنە ناوەوە، وەك: کێوی، ماڵی، کۆز، ئالیك، لەوەڕ، پاوان، دۆشین، شوان، گاوان، بێری...

لە قۆناغی کشتوکاڵیشدا، کۆمەڵێك وشەی تر هاتنە سەر خەرمانی وشەکانی تر، وەك: جوت، گاسن، هەوجار، بەیار، بەراو، نسار، بەرۆژ، بژار..

قۆناغە دواییەکانی تریش، هەر یەکە ناوکۆیی خۆی لە پەرەسەندن و فراوانبونی زمانی مرۆڤایەتی کردوە، وەك: قۆناغی خێلەکی و نیشتەجێبون و دەرەبەگی و میرنشینی و فەرمانڕەوایەتی...، بەڵام مەرج نیە، زاراوەکان وەکو ئێستا بوبن و گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبێ، ئەوەی شایانی باسە، قۆناغە نوێیەکانی شارستانیەتی و پیشەسازی و هاوچەرخ، بەتاییەتی دوای داهێنانی نوسین و ئەفراندنەکانی تر، شاڵاوێکی یەکجار خێرا و بەرفرە لە پەیدابونی وشە دەستییپێکرد و بەهەزاران وشە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا هاتنە ناوەوە. پیشەسازی، بە هەمو ئامێر و کەلوپەل و داهێنانەکانیانەوە، کە هەر ئامێرەش لە چەندەها پارچە و هەر پارچەش ناوێك و کردارێك و بیرۆکەیەکی نوێی هێنایە کایەوە.

بابەتە زانستیەکان کە خەریکە وای لــێ دێ، لە ژمار نایێ، هەر یەکە هەزاران وشە و بیرۆکەی نوێی دروستکرد. بە هەمان ڕێچکە بابەتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکانی تر بێپایان وشە و بیرۆکەی نوێیان هێنایە ئاراوە.

کەواتە، دەرەنجام ژمارەی وشە و بیرۆکەکان لە ژمار دەچون، بەڵام لە هەمان کاتدا، بڕ و ماوەی کات وەکو خۆیەتی و هەمان شەو ڕۆژ و هەمان (٢٤) کاتژمێرەکەی جارانە. بۆیە، تاکو کات بەرەو داهاتو بڕوا وشە وبیرۆکەکان پتر دەبن و مرۆڤ ناچار دەکەن، لە ئاخاوتندا خێراتر بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ، ئەم هەمو بیرۆکانە لە هەمان کاتی جاران دەربڕێ.

لێرەدا، ڕادەی خێرابونی ئاخاوتن هەرچەندێك بێ، ناتوانێ، فریای ئەم هەمو کەرەسە و فراوانکاریە بکەوێ. جگە لەمە، خێرابونیش سنوری هەیە و نابێ لە ڕادەی لەیەکگەیشتن دەربچێ. بۆیە، زمان نابەدەست (لا إرادي)، دەست بە گۆڕان و کورتبونەوە ئەکا. کورتبونەوەکەش لە هەمو ئاستەکان دەبێ و لەسەر بنەمای ئەوە دەبێ کە زۆرترین واتا لەسەر کەمترین کەرەسە باربکا. بەمەش قسەکەر دو شت قازانج ئەکا: یەکەم ــ کاتی بۆ

ئەگەڕێتەوە و لەماوەی هەمان کاتدا ئەتوانێ بڕێکی زۆرتر لە واتا بە کەرەسەی کەمتر بگەیەنێتە بەرامبەرەکەی کە گوێگرە. دوەم ــ بەهۆی ئەم کورتبونەوەیە، قسەکەر وزەیەکی کەمتر خەرج ئەکا.

ئەوەی ئەبێتە هۆی ڕێگرتن لە خێرایی ئەو گۆڕانکاریە، گوێگرە، چونکە گوێگریش ئارەزوی ئەوە ئەکا کە وزەی کەمتر بەکاربێنێ و زوتر لە بابەتەکە بگا، چونکە ڕستە تا درێژتر بێ مەبەستەکەی ڕون و ئاشکرا دەبێ. لێرەدا، ئەبێ ڕادەی پێشکەوتنی بیر و هۆشیش فەرامۆش نەکەین، چونکە ڕادەی فراوانبونی شارستانیەت و بیر و زمان - ڕێژەیەکی ڕاستەوانەیان ( تناسب طردي ) هەیە.

**<u>کورتبونەوە لە ئاستی دەنگسازی:</u>**

**١- کەوتن یان سوانی دەنگ:**

سوانی دەنگی ( د ) لە کۆتایی وشەکان لە دیالێکتی ژورودا:

کرد ← کر، برد ← بر، مرد ← مر، خوارد ← خار، پرد ← پر، زەرد ← زەر، دەرد ← دەر، ...

سوانی دەنگی ( ە )ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، کە ئەکەوێتە سەرەتای کاری ڕانەبوردو لە دیالێکتی ژورودا:

( ئـ/د )( ە )سوتێم ← ( ئـ/د )( Ø )سوژێم، ( ئـ/د )( ە )چی ← د( Ø )چی، ...

سوانی دەنگی ( ن ) لە مۆرفیمی ( ان )ی کۆ، لە دیالێکتی ژورودا: لای پیاوان ← نك مرۆیا، کانی ژنان← کانیا ژنا، خاکی کوردان ← خاکا کوردا، گەلی برایان← گەلێ برایا، ...

سوانی دەنگی ( هـ ) لە پێشەوەی وشە:

( ئـ/د )( ە )هێ ← دێ/یێ، هێشو ( هوشی ) ← وشە، هۆشیار ← وشیار...

**٢- لێکدانی دو دەنگ و گۆڕانیان بۆ یەك دەنگ:**

( ە + ی ← ێ ): پەیڕەو ← پێڕەو، بەی ← بێ، چواریەك ← چوارێك، سولەیمانی ← سولێمانی...

( و + ە ← ۆ ): مامۆستا ← مامۆستا، بوەتە ← بۆتە، کەون ← کۆن، چوەتەوە ← چۆتەوە/ چۆتۆ، ...

**<u>کورت بونەوە لە ئاستی وشەسازی:</u>**

١- لەیادکردن و نەمانی ئەو وشە کۆنانەی لە بەکارهێنان ئەکەون، وەك: هەوجار، گاسن، تەشی، ...

لەم بارەیەوە هەر فەرهەنگێك پڕە لەو وشە کۆنانەی لەم سەردەمە بەکارناهێنرێن.

**٢- لێكدانی دو وشە یا پتر و گۆڕانیان بۆ یەك وشە:**

**برای باوك ← مام، خوشكی باوك ← پور...(٢٦-١٥٥)، زانست كۆكردنەوە ← زانكۆ، جێگای كۆكردنەوە ← كۆگا،...**

**٣- گۆڕانی مۆرفیمی سەربەخۆ بۆ مۆرفیمی بەند:**

**ـــ گۆڕانی ڕاناوی سەربەخۆ بۆ ڕاناوی لكاو:**

**بە بەڵگەی ئەوەی لە ژورودا، دو دەستە ڕاناوی جیا و یەك دەستە ڕاناوی لكاو هەیە، بەڵام لە ناوەڕاستدا، یەك دەستە ڕاناوی جودا و دو دەستە ڕاناوی لكاو هەن. واتە، ڕاناوی خاوەنی لە ژورودا جیایە و لە ناوەڕاستدا لكاوە:**

**من نڤیسی ← نوسیم، تە خار ← خواردت، وی/وێ گۆت ← وتی، مە هنارت ← ناردمان...**

**ـــ گۆڕانی ڕاناوی جیا لەبەركاری بەیاریدە بۆ لكاو:**

**بە ئەومدا ← بەیم دا← بێم دا ← پێم دا ← دام پێ ← دامێ.**

**دە ئەوم گرت ← دەیم گرت ← دێم گرت ← تێم گرت ← گرتم تێ ← گرتمێ.**

**كردم بە ئەو ← كردم بەی ← كردم بێ ← كردم پێ ← كردمێ.**

**ـــ گۆڕانی ئامرازی پەیوەندی سەربەخۆ بۆ لكاو:**

**چوم بۆ هەولێر ← چومە هەولێر، بوم بە مامۆستا ← بومە مامۆستا، بەمن ناخورێ ← پێم ناخورێ، لە تۆ ئەدەم ← لێت ئەدەم، لە ئەو شارە ← لەو شارە، لە ئێرە← لێرە، بە ئەم جۆرە ← بەم جۆرە...**

**<u>كورت بونەوە لە ئاستی ڕستەسازی:</u>**

**١- لادانی ڕاناوی جیا (سەربەخۆ):**

**من هاتم ← هاتم، تۆ چوی ← چوی، ئەو نوستØ ← نوستØ.....**

**ئێمە ئەومان گرت ← گرتـØمان، ئەوان منیان هێنا ← هێنامیان...**

**٢- لادانی ناوەكان:**

**ئازاد و نەوزاد دەرچون ← دەرچون، ئازاد هەستاØ ← هەستاØ، پۆلیس دزەكەی گرت ← گرتـØی...**

**٣- لادانی ئاوەڵناو:**

**گولێكی سوری ئاڵم چاند ← گوڵێكم چاند ← چاندم.**

**بە پاسێكی نوێی خاوێنی تیژڕەو هاتین ← بە پاس هاتین ← هاتین......**

**٤- لادانی ئاوەڵكار:**

**دوێنی ئێوارە بە پەلە گەڕانەوە ← دوێنی ئێوارە گەڕانەوە ← گەڕانەوە.**

بەیانی زو لەناکاو دەرکەوتن ← بەیانی زو دەرکەوتن ← دەرکەوتن.

لە بنەڕەتدا، (ئاوەڵکار) واتە، (دیارخەری کار)، یان ئاوەڵکار، ئەو بەشەی ڕستەیە کە وەسفی ڕودانی ڕەگی کار ئەکا، بەلاّم ناوی کاتەکان، وەسفی مۆڕفیمەکانی کات ئەکەن و فراوانیان ئەکەن و لە گشتیەتی ئەیانگۆڕن بۆ تایبەتی. واتە، کاتی مۆڕفیمەکانی کات سنوردار و دەستنیشان ئەکەن. بۆنمونە: وشەکانی  دوێنی ئێوارە، بەیانی زو...- ئاوەڵکاتن، نەك ئاوەڵکار. واتە، وەسفی مۆڕفیمی کاتیان کردوە و بە پەلە و لەناکاو....... ئاوەڵکارن، نەك ئاوەڵکات، وەسفی ڕەگی کارەکانیان کردوە.

لە کوردیدا، ئاوەڵکاری شوێنیش بریتیە لە ناوی شوێنەکان و هەموشیان ئەچنە چوارچێوەی بەرکاری بەیاریدە:

لە کەرکوك بوم، دێمە سولێمانی، بۆ شاریان ئەنێرن.......

هەندێ وشە هەن، لەگەڵ ناوەکانی شوێن دێن و پتر شوێنەکە سنوردار ئەکەن، وەك: لەسەر بانەکە، لەژێر دارەکە، لەناو، لە تەنیشت....... ئەمانە شایانی ئەوەن پێیان بوترێ: ئاوەڵشوێن، نەك ئاوەڵکار.

کەواتە، بەشە سەرەکیەکانی ڕستە بریتین : ڕەگی کار، مۆڕفیمەکانی کات و ڕاناوەلکاوەکان، چونکە ناتوانرێ، لە ڕستەدا لابردرێن.

## بەشی چوارەم ــ ڕستە و بەشەکانی ئاخاوتن:

بەشەکانی ئاخاوتن هەر لە زوەوە تاوتوێ کراون و گفتوگۆیان لەسەر کراوە و تا ئێستاش مشت و مڕ لە جۆر و چەندێتی ئەو بەشانە بەردەوامە و زۆر جار ژمارە و بایەخیان لە زمانێك بۆ زمانێك ئەگۆڕێ(٢٧-٨٨). یۆنانیەکان هەشت بەشی ئاخاوتنیان بۆ لاتینی دیارکرد بو، کە ئەو کاتە پێیان ئەوتن (بەشەکانی وشە)(٢٨-٧). لە کوردیدا دە بەشی ئاخاوتن دیارکراون: (ناو، ئاوەڵناو ، جێناو، ژمارە، کردار(چاوگ)، ئاوەڵکردار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن، پارتیکل)(٢٨-١٠). هەندێکی تریش هەشت بەشی ئاخاوتن بۆ زمانی کوردی دەستنیشان ئەکەن(٢٩-٦٥).

جیاوازیمان لەگەڵ زمانەوانەکانی بەراییدا، ئەوەیە: ئێمە لە ڕوی گرنگیی بەشەکان لە ئاستی ڕستەسازیەوە پۆلینیان ئەکەین، واتە، توانای مانەوە و شوێنگرتنەوەیان لە ڕستەدا. ئەگەرچی ئەڕستۆ هەر لە زوەوە ڕستەی دابەشکرد بۆ ناو و کار(٣٠-٥١) و زمانەوانیی سەردەمیش، بەتایبەتی چۆمسکی(٣١-٣٧) و هاوڕێکانی تا ڕادەیەك گەڕانەوە سەر هەمان

ڕێباز و ڕستەیان دابەشی فرێزی ناوی و فرێزی کاری کرد، بەڵام لە زمانی کوردیدا، بە پێی ئەو پێناسەیەی خستمانەڕو بۆ ڕستە، گرنگترین بەشی ڕستە ڕەگی کارە، کە کۆڵەکەی سەرەکیی ڕستەیە و بێ ئەو ڕستە دروستنابێ، چونکە ڕەگی کار ناوی گۆڕانکاریەکەیە و هیچ گۆڕانکاریەکیش بێ بونی توخم ڕونادا. ئاشکرایە، گۆڕانکاری واتە، گۆڕانی توخمێك لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی تر. واتە، بەشی دوەمی گرنگ لە ڕستەدا توخمەکانە، واتە، ڕاناوەکان. تا ئێرە لەگەڵ ئەرستۆ و چۆمسکی ڕێکین، بەڵام ناڕێکیەکەمان لەوەدا دێ کە :

١- لە زمانی کوردیدا، بەشە هەرە گرنگەکانی ڕستە، کار و ڕاناون، نەك ناو و کار. مەبەستیش لە ڕاناوەکان، تەنیا ڕاناوە لکاوە کەسیەکانە. بەڵگەشمان ئەوەیە، کە نە ناو و نە هیچ بەشێکی تری ئاخاوتن بتوانن جێگەیان بگرنەوە و هەرگیز کاریش لە کوردیدا بێ ئەوان دەرناکەوێ و نابێ بە ڕستە.

٢-پێویستیەکی تری گرنگی ڕستە، کاتی ڕودانی گۆڕانکاریەکەیە، کە لە شێوەی مۆرفیمەکانی کات خۆی ئەنوێنێ و ئەبێ لەڕستەدا هەر هەبن.

لێرەدا دڵنیام، بە پێی بۆچونەکەی خۆیان، فرێزی ناوی و فرێزی کاریەکەی ئەوان ڕەگ و ڕاناویش ئەگرێتە خۆی، بەڵام ئەم گرتنەخۆیە، پتر ئاستی ناوەوە ئەگرێتەوە، ئەگەرنا دابەشکردنی هەندێ ڕستەی وەك ئەمانەی خوارەوە لە ئاستی سەرەوەدا کارێکی ئاسایی نیە :

دایێ ← ئەو شتێکی دا بە ئەو.

ئەیگریێ ← تۆ شتێك ئەگریە ئەو.

مەبەستی ئێمە ڕەخنەگرتن نیە لە دابەشکردنە دوانیەکەی ئەرستۆ و چۆمسکی، چونکە ئەزانین، هەمو ڕستەیەك، تەنانەت ئەمانەی سەرەوەش بە پێی بۆچونەکەی ئەوان بە چەند هاوکێشەیەك شیکار ئەکرێ، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوەیە : کە بەشە هەرە گرنگەکانی ڕستە (یا ئاخاوتن)، ناو و کار نین، بەڵکو، ڕەگی کار و مۆرفیمەکانی کات و ڕاناوەکانی لکاون. ئەمانە بەشی سەرەکیی ڕستەن کە ناتوانرێ، لابدرێن، ئینجا بەشە ناسەرەکیەکان (لاوەکیەکان)ی تر دێن. هەرچەندە ئەوانیش بە پێی ڕۆڵ و ئەرك و توانای لادان و مانەوەیان ڕیز ئەبەستن و ڕادەی بایەخیان بە نۆرە دیار ئەکرێن. بەم جۆرە :

(١) ڕاناوی لکاو: ئەگەر ئەم بەشە نەبێ، ڕستە دروستنابێ، هەر ئەم بەشەش لە یەکێ لە کاتەکاندا هەبو، گۆڕانکارییەکی هەر بەسەر دێ. بەڵگەشمان ئەوەیە، کە لە چاوگدا هەرچەندە ڕەگی کار و مۆرفیمی کاتیش هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاناوی لکاو نیە، ڕستە دروستنابێ. ئەگەرچی ڕاناوی لکاویش هەر ئەو توخمە ئەگەیەنێ کە ڕاناوی جیا، یان ناو،

یان ئاوەڵناویش ئەتوانن، دیاری بکەن، بەڵام ئەو بەشانە هەبن، یان نەبن، ڕناوی لکاو هەر هەیە. واتە، ئەتوانرێ، ئەوانی تر لابدرێن، بەڵام ڕاناوی لکاو لانادرێ.

(٢) ڕەگی کار: ئەو مۆرفیمە بەندە تەوەرەییەیە، کە گۆڕانکارییەك دەرەخا. واتە، بریتیە لە ناوی ئەو ڕوداوەی بەسەر توخمەکەدا دێ. بەبێ ڕەگی کار، هەرگیز ڕستە دروستنابێ، ئینجا لە ئاستی سەرەوە دەرکەوێ، یان دەرنەکەوێ.

(٣) مۆرفیمەکانی کات: هیچ ڕوداوێك ناتوانێ، لە بواری کات دەربچێ. واتە، کاتی ڕودانی، لە سنوری ئەم سێ کاتە دەرناچێ: ڕابوردو، ئێستا، داهاتو.

(٤) ئامرازەکانی پەیوەندی: گرنگی ئامرازەکانی پەیوەندی لەوەدایە کە هیچ بەشێك نیە شوێنیان بگرێتەوە و کاتێ ڕستە پێویستیی پێیان ئەبێ، ئەبێ دابنرێن. ئەوانیش بەندەکانیان گرنگترن لە سەربەخۆکان، چونکە سەربەخۆکان ئەتوانرێ، لابدرێن و بەندەکانیان لە شوێن دابنرێ، بەڵام بەندەکان لانابردرێن: (چوم بۆ هەولێر ← چومە هەولێر). لە هەندێ ڕستەدا، فۆڕمە سەربەخۆکان فرامۆشکراون و بەکارناهێنرێن (دە ناو ئاوەکەم خست / خستم دە ناو ئاوەکە ← خستمە ناو ئاوەکە ← خستمێ).

(٥) دیارخەرەکان: ئەتوانین، هەمو بەشەکانی تری ئاخاوتن بە دیارخەر دابنێین، هەر یەکەیان، بەشێك لە سێ بەشە سەرەکیەکانی سەرەوە، ڕونئەکاتەوە لایەنێکی ئەو بەشە ئاشکراتر و سنوردارتر ئەکا. بۆیە، ئەتوانین، دابەشی سێ بەشیان بکەین و دانەکانی هەر بەشێکیان بە پێی گرنگییان ڕیزبکەین:

((أ)) دیارخەری توخم یان ڕاناوی لکاو:

ئەو وشانەن کە ڕاناوە لکاوەکان ڕون و ئاشکرا و سنوردار ئەکەن. بە پێی گرنگییان دابەشی ئەم بەشانەیان ئەکەین:

١ـ ڕاناوی جیا:

ڕاناوە لکاوەکان و ڕاناوە جیایەکان هەرگیز کتومت لە شوێنی یەکتر نایەن. ڕاستە لەگەڵ یەکتر ڕێکئەکەون لە کەس و ژمارەدا ئاماژە بۆ هەمان توخم ئەکەن، بەڵام لەقسەکردندا بەیەکەوە بەکار نایەن، مەگەر بۆ پێداگرتن (جەختکردن-تاکید) نەبێ: هاتم≠من هاتم. چوی≠تۆ چوی. بو≠ئەو بو.....

بەڵگەشمان ئەوەیە، هەردەم قسەکەر ئەیەوێ، بە کەمترین کەرەسە زۆرترین واتا بگەیەنێ، بەمەش کات و وزەی بۆ ئەگەڕێتەوە، ئینجا هەر کەرەسەیەك بەشی خۆی واتا هەڵنەگرێ قسەکەر بەکار ناهێنێ.

تایبەتیەکی تری ڕاناوەکان، چ لکاو بن، چ جیا، ئەوەیە، ئەوانیش لەناو خۆیاندا هەندێکیان لە هەندێکیان گرنگترن. بۆ نمونە، کەسی یەکەمی تاك و کۆ، بەتایبەتی کەسی یەکەمی تاك لە هەمویان گرنگترە، چونکە قسەکەرە و دروستکەری ڕستەیە. جگە لەمە، هیچ کەرەسەیەك ناتوانێ، شوێنی بگرێتەوە. دوای کەسی یەکەم، کەسی سێیەم دێ، چونکە زۆربەی ڕستەی زمان دەربارەی کەسی سێیەمی تاك و کۆیە، بەتایبەتی تاك. زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتنیش ئەچنە بواری کەسی سێیەم. تەنانەت ناوی خۆشمان خودی خۆمان نیە و هێمایەکە و ئەچێتە بواری کەسی سێیەم، بەبەڵگەی ئەوەی ئە پرسین: ناوت چیە؟. ناڵێی: فلانم، ئەڵێی: فلانە. وەك ئەوەیە، بپرسین: ئوتۆمبێلەکەت چیە؟. بڵێی: لادایە. ئینجا لە دوای ئەمان، ڕۆڵی کەسی دوەمی تاك و کۆ دێ، چونکە جاری وا هەیە، بەبێ بونی کەسی دوەم (گوێگر)، کەسی یەکەم هەر ئەتوانێ قسە بکا، وەك لە ڕستەی هەستدەربڕین و وێرد و گۆرانی و... هتد.

٢ــ ناوەکان:

ئەو وشانەن کە ئەتوانن، ڕاناوە لکاوەکان دیاربخەن و ئاشکرایان بکەن. لێرەدا ئەتوانرێ، زنجیرە ناوێك بە دوای یەکدا بێن و یەك ببێتە دیارخەری ئەوی دی. ناوەکان: بۆ ئەوەن، توخمی ڕاناوە لکاوەکان ئاشکرا بکەن و ڕۆڵی ڕستەسازییان لە بکەری و بەرکاری و بەرکاری بەیاریدە و دیارخەری و ...هتد دیاربکەن.

٣ــ ئاوەڵناوەکان:

ئەمانەش ئەو وشانەن کە لایەنێکی ڕاناوە لکاوەکان ڕون ئەکەنەوە و ئاشکرا ئەکەن. جیاوازییان لە گەڵ ناوەکان لەوەدایە: ئەمانە لە بنەڕەتدا نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ وەرناگرن، بەڵام ئەم نیشانانە لە ناوەکانی پێشیان بۆ ئەوان دێ، ئینجا ناوەکەی پێشیان دەرکەون، یان دەرنەکەون. جیاوازیەکی تری بەرجەستەش ئەوەیە، ئاوەڵناوەکان پلەی بەراورد (تر، ترین) وەرەگرن، بەڵام ناوەکان وەریان ناگرن. ئەگەر هەر ناوێك بتوانێ، لە ڕستەیەکدا ئەو نیشانانە وەربگرێ، ئەوە لەو ڕستەیەدا ئەرکی ئاوڵناو ئەبینێ، نەك ناو: کوردێکمان بینی. (ناو)

لە تۆ کوردتر پەیدا نابێ. (ئاوەڵناو)

٤ــ ژمارە:

ئەو وشانەن کە ڕادەی توخمەکان بە وردی و بە دانە دەرەخەن. وەك: دو سێ کەس میوانی ئێمەن.

٥ــ ڕادە:

**ئەو وشانەن کە ڕادەی توخمەکان بە تێکرایی دەرەخەن. وەك: زۆر ، کەم، نەختێ، هەندێ...**

**٦ــ ئاوەڵشوێن:**

**ئەو وشانەن کە شوێنی توخمەکان، دەستنیشان ئەکەن. بۆ نمونە: لە هەولێر چومە سولێمانی. لەسەر بانەکە کەوتمە خوارەوە.**

**لەم دو ڕستەیەدا شوێنی یەکەم و دوەمی ( من ) دەستنیشان ئەکا.**

**نەمامەکەم لە باخەکەدا ڕواند/ ئەڕوێنم.**

**خانوەکەم لە لادێ کرد/ ئەکەم.**

**لەم دو ڕستەیەدا شوێنی بەرکارەکان ( ئەو )/ نەمامەکە/ خانوەکە دیارخراون.**

**نامەیەك ئەنێرمە هەندەران.**

**نامەیەکم ناردۆتە هەندەران.**

**لەم دو ڕستەیەدا شوێنی کارەکە دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو شوێنی ( نەمامەکە ) دیارخراوە.**

**تێبینی ئەوە ئەکرێ کە هەندێ ڕستە هەن. وەك:**

**( نوسیم/ ئەنوسم، خوێندم/ ئەخوێن، وتم/ ئەلێم )... بەرکارەکانیان دەرناکەوێ، چونکە بریتیە لە چاوگی کارەکە: ( نوسین، خوێندن، وتن....... )**

**(( ب )) دیارخەری ڕەگی کار:**

**ئەو وشانەن کە چونیەتی ڕودانی ڕەگی کار ئاشکراو ڕون دەکاتەوە. وەك:**

**بەئاسانی مرد، بە پەژارەوە ڕۆیشت، بە پێکەنینەوە ئەدوا،...**

**(( ت )) دیارخەری مۆرفیمی کات:**

**بریتین لەم وشانەی مۆرفیمەکانی کات دیار و ئاشکرا ئەکەن و لە کاتی گشتی ئەیانگۆڕن بۆ کاتی تایبەتی: ( دوێنێ، پێرێ، پار،... ) بۆ ڕابوردو . ( ئێستا ، هەنوکە، ... ) بۆ ئێستا. ( سبەی، دوسبەی، ساڵێکی تر،... ) بۆ داهاتو. هەروەها هەندێ ئاوەڵکاتی وەك: ( زو، درەنگ،... ).**

**ئامرازەکانی پەیوەندی ئەتوانن، لەگەڵ هەمو دیارخەرەکان بەشداربن.**

**ئەتوانین، گرنگی بەشەکانی ئاخاوتن وەك دیارخەری بەشەکانی ڕستە، لە خشتەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە نیشان بدەین:**

**بەشەکانی ڕستە**

| ڕەگی کار | مۆرفیمەکانی کات | توخمەکان (ڕاناوی لکاو) |
|---|---|---|
| 1- ئاوەڵکار | 1- ناوی کات | 1- ڕاناوی جیا |
| ئاسان خەوت | دوێنێ هات | من ئەچم، تۆ ئاچی، ئەو بچێ،..... |
| بە زۆر هێنام | ئێستا لێرەیە | 2- ناوەکان |
| بە پەلە هات | ئەمڕۆ یا سبەی ئەڕوا | ئازاد کەوت...کەو و کۆتر فڕین.. |
| | | 3- ئاوەڵناوەکان |
| | 2- ئاوەڵکات | کوردە ئازاکە...منداڵی بچوکی زرنگ.. |
| | دوێنێ زو | 4- ژمارە |
| | بەیانی درەنگ | سێ چوار کەس... یەك مار، دو پشیلە |
| | دوسبەی پێش بەربانگ | 5- ڕادە |
| | | کەمێ شیر و هەندێ پەنیر و نەختێ... |
| | | 6- ئاوەڵشوێن |
| | | لە کەرکوك بوم...لە هەولێر و دهۆك |

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ، ئامرازەکانی پەیوەندی ئەتوانن، لەگەڵ دیارخەرەکانی هەرسێ بەشەکەی ڕستە بەشداری بکەن و ژمارەی وشە دیارخەرەکان پتر بکەن.

## ئەنجامەکان

١- پێناسەکانی زمانەوانی دێرین بۆ ڕستە، مەبەستیان نەپێکاوە و چەند کەموکوڕیەکیان تێدایە، وەك:

(أ) باسی هەمو کەرەسەکانی ڕستە ناکەن.

(ب) هەر یەکەیان لایەنێکیان گرتوە، لایەنەکانی تریان فەرامۆشکردوە. وەك: لایەنی داڕشتن، لایەنی واتا، لایەنی ڕێزمان، لایەنی ئەرك،...

(ت) هەمو ڕستە سادەکان ناگرنەخۆ.

(پ) ئاستەکانی ڕستە، بە تایبەتی ئاستی ناوەوەیان فەرامۆشکردوە.

٢- پێناسەی ورد و زانستیانەی ڕستە بەم شێوەیە:

(ڕستە : بریتیە لە ڕەگی کار و پێویستیەکانی).

٣- پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە، بریتین لە: ڕەگی کار، مۆرفیمەکانی کات، توخم (ڕاناوی لکاو).

٤- پێویستیە ناسەرەکیەکانی ڕستە، بریتین لە: ئەو وشە و ئامرازانەی وەسفی پێویستیە سەرەکیەکانی ڕستە ئەکەن.
٥- هەمو کارێك لە زمانی کوردیدا بە تەنیا دەرکەویٚ ڕستەیە.
٦- بەشەکانی ئاخاوتن، لە ڕوی توانای مانەوە و نەمانەوەیان ڕێژەیی و جیاوازن.
٧- ئاوەڵکاری کات، وەسفی مۆرفیمەکانی کات ئەکەن، نەك ڕەگی کار. ئەویش دو جۆرن: ناوی کاتەکان و ئاوەڵناوی ئەو ناوانە.
٨- ئاوەڵکاری شوێن، وەسفی شوێنی توخمەکان (بکەر و بەرکار) ئەکەن، نەك شوێنی کار.
٩- لە هەندیٚ کاردا، (بەتایبەتی ئەوانەی بە اندن- لە دەنگە سروشتیەکان دروستەبن) ئەتوانریٚ، ناوی بەرکار نەهێنریٚ، چونکە بریتیە (یا هاوشێوەی) ناوی دەنگە سروشتیەکەیە.
١٠- ئامرازەکانی پەیوەندی، ئەتوانن، لەگەڵ وشە دیارخەرەکانی هەر سیٚ بەشە سەرەکیەکە بەکاربێن و یەکیٚ لە بەشە ناسەرەکیەکانی ڕستەن.

# سەرچاوەکان

١- العلم والمشتغلون بالبحث العلمي في المجتمع الحديث، د. جون ب. ديكنسون، ترجمة شعبة الترجمة باليونسكو، سلسلة عالم المعرفة، العدد ١١٢، الكويت،حزيران، ١٩٨٨م.
٢- أضواء على الدراسات اللغوية المعايَرة، د. نايف خرما، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٩، الكويت،ايلول ١٩٧٨م.
٣- اللغة والعقل،نعوم جومسكي، ترجمة بيداء علي العلكاوي، بغداد، ١٩٩٦.
٤- قواعد اللغة الكردية، توفيق وهبى، الجزء الاول، الباب الثانى، ١٩٥٦.
٥- قةواعدى زمانى كوردى لە (صرف و نحو)دا، نورى على امين، بەرگی یەکەم چاپخانەی معارف- بەغدا، ١٩٥٦.
٦- زمان و ئەدەبی کوردی، لیٚژنەیەك لە وزارەتی پەروەردە، بۆ پۆلی دوەمی ناوەندی، چاپی هەشتەم، چاپخانەی ژمارە (٢)ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ١٩٨٢.
٧- أواو دەستورا زمانی کوردی، جگر خوین، بەغدا، ١٩٦١.
٨- قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نحو)دا، نوری علی امین، بەرگی دوەم، چاپخانەی معارف- بەغدا، ١٩٥٨.

٢٦- علم اللغة الاجتماعي، د.هدسن، ترجمة- د. محمود عبدالغني عياد، بغداد، ١٩٨٧.
٢٧- هەندێ تێبینی دەربارەی ناوەڵناو لە کوردیدا، محەمەد معروف فتاح، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٥، وەرزی بەهار-١٩٩٠.
٢٨- ناو، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی،بەشی یەکەم [illegible]ناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.
٢٩- قواعد اللغة الكردية، توفيق وهبى، الجزء الاول، الباب الثانى، ١٩٥٦.
٣٠[illegible], [illegible], [illegible], ١٩٨١.
٣١- البنى النحوية، نعوم جومسكى ، ترجمة- د.يؤيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٧.

## Characteristic of the Simple Sentence

## Abstract

This research is concerned with the sentence, its definition, its main parts and secondary parts as well. It is also concerned with the way of expanding sentences as well as the range of parts of speech in the sentence according to the significance of each of them. Because the sentence is the main element in the language, most of linguists varied in their study of it however these studies are in need of specialization, Scientific and linguistic explicitness. It is very important to specify the importance and function of the morphemes in sentence structure.

To overcome the shortcomings and cover most of the sides, the researcher tried in the first chapter to present some of the traditional definitions, shedding light on the weakness of the definitions and a complete analytical criticism of them. In the second chapter, the researcher had introduced a new definition for simple sentence with the analysis and explanation of the content of the definition. The third chapter classifies the main and secondary parts of the simple sentence. The fourth chapter is concerned with the analysis of parts of speech with the range of its importance. Finally, the researcher presented his conclusions, and a list of references, in addition to the summary of the research in English and Arabic.

## ملخص البحث

يتناول هذا الباحث موضوع الجملة من حيث تعريفها، أجزائها الرئيسية، وغير الرئيسية، كيفية توسيعها، و تسلسل أقسام الكلام في الجملة حسب أهمية كل منها.

لكون الجملة المحور الأساسي للغة، تطرق أغلب اللغويين إليه بشكل متباين، إلا أن هذه الدراسات تحتاج الى التخصيص والدقة العلمية واللغوية، ولاسيما تحديد أهمية و وظائف المورفيمات في ضياغة الجملة.

لغرض إكمال النواقص و تغطية كافة الجوانب حاول الباحث في الفصل الأول، عرض بعض التعاريف السابقة، مع إلقاء الضوء على نقاط الضعف في تلك التعاريف و نقد تحليلي شامل لهذه التعاريف.

في الفصل الثاني، قدم الباحث تعريفا جديدا للجملة البسيطة و شرح و تحليل ما يتضمنه هذا التعريف.

جاء الفصل الثالث، ليصنف المكونات الرئيسية، غير الرئيسية للجملة البسيطة.

وخصص الفصل الرابع، ليتناول عرض تحليلي لأقسام الكلام وتسلسل أهميتها.

وأخيرا قدم الباحث النتائج التي توصل إليها، ثم قائمة بأسماء المصادر، إضافة إلى الملخص باللغة العربية.